بســـم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله الذي له ميراث السماوات والأرض ، وأفضل الصلاة وأزكى التسليم على سيدنا محمد الذي ورّث العلم واليقين المورّث لوارثيه الطريق المستقيم وعلى آله وصحبه الذين قال الله تعالى في حقهم ((أولئك هم الوارثون الذين يرثون الفردوس هم فيها خالدون)) .

بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان

سوپاس و ستایشی زۆر و بێ پایەن بۆ خودای تاك و تەنیا ، برژێ رەحمەت و سەلام بەسەر پێغەمبەری ئینس و جان حەزرەتی محمد هەم لەسەر ئال ویاران و یەزامەندی خوا لەسەر زانایان و سەلەفی سالح و گشت زاناو پێشەوای مووسلمانان .

لە سەر داواکاری حەزرەتی محمد (صلى الله عليه وسلم) دەفەرمووێ {تعلموا الفرائض وعلّموها....} زۆر بەدلێکی خۆش و پی لە جۆش دەستم کرد بە نوسینی ئەم نامیلکەیە لە سەر بابەتی میرات بە ئومێدی ئەوە خوای پەروەردگار بیکات بە زەخیرەی رۆژی قیامەت و ە لەدونیادا سوودبەخش بێ و جێگای رەزامەندی مامۆستا و قووتابیانی ئاینی بێ وچاوەیوانی دوعای خێرم و ئومیدەوارم کە هەر هەڵەیەکم هەبێ بۆمی چاك بکەنەوە والسلام عليكم ورحمه الله وبركاته .

سەرچاوەکان :-

=========

١) فرائض (شرح المنهج) للشيخ زكريا الأنصاري
٢) المواريث في الشريعة الإسلامية للشيخ خالد حسن
٣) حكم الميراث للأستاذ الشيخ ملا عبد الرحمن ملا عمر الكوري الكوردي .
٤) الفقه المنهجي للأستاذ الفاضل مصطفى ديب البغا .
٥) فرائض الرحبية .

رۆژی دەست پێ کردن بۆ جاری دووەم :- سێشەممە ١٩/ ربیعی دووەم /١٤٣٠ کۆچی بەرامبەر ٢٠٠٩/٤/١٤زاینی
شوێـــن / شارۆچکەی شەقلاوە – سەرمەیدان – گەرەکی ئازادی .

کامەران شاکرقادر
پێش نوێژو ووتارخوێنی مزگەوتی ئازادی
شەقلاوە

بةشي يةكةم

ئەو مافانەی پەیوەندیان هەیە بە عەینی میرات :

ئەگەر هاتوو یەكێك مرد ئەوا پێویستە لەسەر میرات گرانی ئەو مردووە كە ئەنجامی بدەن پێش دابەش كردنی میرات ئەمانەن :-

(١) دانەوەی ئەو قەرزانەی كە لەسەر ئەستۆی مردووەكەیە كە قەرزەكە پەیوەستە بە عەینی میرات نەوەك بە مردووەكە بۆ نونە ئەگەر هاتوو مردووەكە كاتێ لە ژیان بوو شتێكی لە رەهن دانابوو بەڵام هێشتا قەرزەكەی نەدابۆوە و مرد ئەوا دەبێ قەرزەكە لەمیراتەكە بدرێ تا شتەكە لەرەهن دربچێ وەیان زەكاتی لەسەر واجب بوبێ .

(٢) خەرجیاتی جێ بە جێ كردنی مردووەكە لە شوشتن ، وە پارەی كفن وە پارەی گۆر هەڵكەندن بەڵام بەبێ زیادە رۆیی ولەسنوری شەرع دەرنەچێ .

(٣) دانەوەی ئەو قەرزانەی لە سەر مردووەكە بووە جا قەرزی خوابێ یان قەرزی ئادەمیزاد بێ.

(٤) ئینجا جێبەجێكردنی وەسیەتی مردووەكە لە سێ یەكی ماوەی پاش خالەكانی(١،٢،٣) كە لەسەرەوە باسمان كرد.

(٥) ئینجا ئەوەی ماوە دەبێ بە میرات .

<u>هۆیەكانی میرات گرتن :-</u>

تا كەسێك ببێتە میرات گری مردووەكە دەبێ پەیوەندیەك هەبێ لەنیوان میرات گروو مردووەكە كە پەیوەندیەكەش یەكێ لەمانەیە :

١- خزمایەتی لەگەڵ مردووەكە : وەكو خوشك و براو كورە برا و كورە مام ....هتد

٢- پەیوەندی هاوسەرایەتی واتە (عقد النكاح)

٣- هەبوونی – ولاء - لەگەڵ مردووەكە .

٤- یەكبوونی ئاین واتە هەردووكیان دەبێ مووسلمان بن (ئەمە مەرجێكی سەرەكی یە دەبێ لەگەڵ هەر سێ پەیوەندیەكان هەبێ)

<u>ئەوانەی كە دەبن بە میرات گر لە نێرینەكان :-</u>

بەكورتی لەو خزمانەی مردووەكە كە میرات گرن لە نێرینەكان تەنها (١٠) دە كەسن :-

(١) كوری مردووەكە

(٢) كوری كوری مردووەكە هەتا بەرەو خوار بچێ

(٣) بابی مردووەکە

(٤) باپیری مردووەکە(بابی باب) هەتا سەرکەوێ

(٥) برای مردووەکە لە (داك وباب – تەنها لە باب – تەنها لە داك)

(٦) کورە برای مردووەکە لە (داك و باب – باب)

(٧) مامی مردووەکە لە(داك وباب – باب)

(٨) کورە مامی مردووەکە لە(داك وباب – باب)

(٩) هاوسەر(مێرد)

(١٠) ئازاد کاری مردوو(معتق)

نمونە:- ئەگەر هاتوو ژنێك مرد لەپاشی بەجێما ئەو هەموو میرات گرە ی لەسەرەوە ناویان هاتووە ئەوا تەنها میراتەکە بۆ سێ کەس دەبێ : مێرد – باب – کور ، بەم شێوەیە :-

مێرد	باب	کور	مسألە
٤\١	٦\١	ماوە	١٢
٣	٢	٧	

ئەوانەی کە دەبن بە میرات گر لە مێینەکان :-

(١) داکی مردووەکە.

(٢) داکی داکی مردووەکە هەتا دوورتر بێت .

(٣) کچی مردووەکە

(٤) کچی کوری مردووەکە هەتا کورەکە دوورتریش بیت بەلاَم کچی کچ ناگرێ

(٥) خوشکی مردووەکە لە(داك وباب – باب – داك)

(٦) هاوسەر (ژن)

(٧) ئازادکار (معتقە) .

نمونە:- ئەگەر پیاوێك مرد لە پاشی بەجێما تەنها ئەم حەوت میرات گرە مێینە ئەوا تەنها میراتەکە بەر پێنج کەس دەکەوێ : ژن – داك – کچ – کچی کور – خوشك لە داك وباب ، بەم شێوەیە :-

ژن	داك	کچ	کچی کور	خوشك لە داك وباب	مسألە
٨\١	٦\١	٢\١	٦\١	ماوە	٢٤
٣	٤	١٢	٤	١	

نمونە:-ئەگەر هاتوو پیاویك مرد لە پاشی بەجێما هەموو میرات گرەکان لەنیرو مێ ئەوا میراتە کە تەنها بەر پێنج کەس دەکەوێ : ژنی مردووەکە- باب – داك – کور – کچ ئەوا بەم شێوەیە دەبێت:

ژن	باب	داك	كور	كچ	مسالە	چاكردنەوە
١\٨	١\٦	١\٦	للذكر مثل حظ الأنثيين		٢٤	٢٤★٣
٣★٣	٤★٣	٤★٣	١٣★٣=٣٩		٧٢	
٩	١٢	١٢	٢٦	١٣		

نمونە: ئەگەر هاتوو ژنیك مرد لە پاشی بەجێما هەموو میرات گرەکان لەنیرو مێ ئەوا میراتە کە تەنها بەر پێنج کەس دەکەوێ : میردی مردووەکە- باب – داك – کور – کچ ئەوا بەم شێوەیە دەبێت:

مێرد	باب	داك	كور	كچ	مسالە	چاكردنەوە
١\٤	١\٦	١\٦	للذكر مثل حظ الأنثيين		١٢	١٢★٣
٣★٣	٢★٣	٢★٣	٥★٣=١٥		٣٦	
٩	٦	٦	١٠	٥		

ئەو شتانەی کەرێگرن لە میرات :-

(١) کۆیلایەتی
(٢) کوشتن
(٣) جیاوازی ئاین

بەشی دووەم

بەشی دیاری کراو لە قورئان :- ئەو بەشانەی کە لە قورئانی پیرۆزدا ناویان هاتووە شەشن :-

(١) نیوە ﴿١\٢﴾ (٢) چواریەك ﴿١\٤﴾ (٣) هەشت یەك ﴿١\٨﴾
(٤) دوسێ یەك ﴿٢\٣﴾ (٥) سێ یەك ﴿١\٣﴾ (٦) شەش یەك ﴿١\٦﴾

میرات گرانی خاوەن بەشی دیاری کراو:-

نیوەی میرات ﴿٢\١﴾ :-ئەوانەی لە میراتگران نیوەی میراتیان بەردەکەوێ پێنج جۆرە میراتگرن:-

١- هاوسەر (مێرد) واتە ئەگەر ژنێك بمرێ ئەوا مێردەکەی نیوەی میراتی هەیە لەدوو حاڵەت:
أ-ئەگەر مردووەکە کور یان کچی نەبێ واتە منالی نەبی جا لەو مێردە بێ یان لە مێردیکی تر یان لە زینا .
ب- نابێ مردووەکە نەوەی هەبێ واتە چ کوری کور یان کچی کور وەکو خاڵی(أ) .

٢- کچی مردووەکە:- نیوەی میراتی هەیە ئەگەر بێتوو :
أ – مردووەکە لەو کچە زیاتری نە بێ
ب- مردووەکە کوری نەبێ لەگەڵ ئەو کچە ببێ بە پشت و عەسەبە .

٣- کچی کوری مردووەکە :- نیوەی میراتی هەیە لە سێ حاڵەت :
أ- مردووەکە تەنها یەك کچی کوری هەبێ
ب- نابێ ئەو کچەی کور هیچ نێرینەیەکی لەگەڵ دابێ ببن بە عەسەبە .
ج- نابێ مردووەکە کورو کچی هەبێ .

٤- خوشکی مردووەکە لە داك وباب : نیوەی میراتی هەیە لەم حالەتانە:
أ- ئەگەر مردووەکە هیچ منالی نەبێ .
ب- ئەگەر مردووەکە باب و بابی بابی نەمابێ .
ج- ئەگەر مردووەکە لەم خوشکە زیاتری نەبێ لە داك وباب .
د- ئەگەر ئەم خوشکە برای نەبێ بیکات بە عەسەبە.
٥- خوشکی مردووەکە لە باب : لەم حالەتانە نیوەی میراتی هەیە :
أ- ئەگەر مردووەکە منالی نەبێ .
ب- ئەگەر مردووەکە باب و بابی بابی نەمابێ .
ج- ئەگەر مردووەکە لەم خوشکە زیاتری نەبێ لە داك وباب .
د- ئەگەر ئەم خوشکە برای نەبێ بیکات بە عەسەبە.

ه – ئەگەر مردووەکە خوشك وبرای لە داك وبابی نەبێ .

چواریەکی میرات﴿١\٤﴾:-تەنها دوومیراتگرمان هەیە چواریەکی میراتیان بەرکەوێ کە ئەمانەن :-

(١) هاوسەر﴿ مێرد﴾ : مێرد چواریەکی میراتی لە خێزانی خۆی بەردەکەوێ لە دووحاڵەت دا :-

أ- ئەگەر هاتوو ژنە مردووەکە منالی هەبێ جا لەو مێردە یان لە مێردیکی تر یان لە زینا .

ب- ئەگەر ژنە مردووەکە نەوی هەبێ (کوری کور بێ یان کچی کور) .

(٢) هاوسەر﴿ژن﴾ :- چواریەکی میرات لە مێردە مردووەکەی وەردەگرێ لەدوو حالەت دا :-

أ- ئەگەرمێردەکە (مردووەکە) هیچ منالّی نەبێ جا لەو ژنە بێ یان لە ژنێکی تربێ .

ب- ئەگەر مردووەکە نەوەی نەبێ ﴿ کوری کور یان کچی کور﴾

هەشت یەکی میرات﴿١\٨﴾ :- تەنها ژنی مردووەکە هەشت یەکی میراتی هەیە ئەویش لە دووحالەت دا :-

أ- ئەگەر میردەکەی منالی هەبێ . ب – ئەگەر میردەکەی نەوەی هەبێ .

<u>تێبینی</u>:- تایبەت بە ئافرەت ئەگە چواریەکی هەبێ یان هەشت یەك چ یەك ژن بێت یان دوو یان سێ یان چوار هەر بەهەمووانە نەوەك هەریکەو چواریەکەك یان هەشت یەکەك بەتەنیا .

دوو سێەکی میرات﴿ ٢\٣﴾ :- چوار جۆرە میراتگر هەیە کە دووسێیەکە میراتیان هەبێ :

(١) مردووەکە دوو کچ یان زیاتری هەبی ئەوا لەم دوو حالەتە(٢\٣) میراتیان پێ ئەدرێ :

أ- نابی لە دوو کچ کەمتر بن . ب_ نابی برایان هەبێ (واتە مردووەکە کوری نەبێ)

بۆ نمونە: پیاویك مرد لە پاشی بەجێما (باب – ٢کچ) :

باب	٢کچ	مسالە
١\٦+م	٢\٣	٦
١+١=٢	٤	

(٢) دووکچی کوری مردووەکە یان زیاتر : واتە ئەگەر مردووەکە دووکچی کوری یان زیاتری هەبێ ئەوا کچانی کوی (٢\٣) دەبەن بە هەموویان لەم حاڵەتانەدا :-

أ- نابی ژمارەیان لەدوو کەمتر بێ ب_ نابی مردووەکە نەوەی نێرینەی هەبێ . ج_نابی مردوەکە کوروکچی هەبێ.

نمونە:- ژنێك مرد لە پاشی بەجێما (باب، داك، ٤کچی کوری) :-

باب	داك	(٤) کچی کوی	مسالە
١\٦	١\٦	٢\٣	٦
١	١	٤	

(٣) دوو خوشکی مردووەکە یان زیاتر لە داك وباب :- لە سێ حالەت ﴿٣\٢﴾ میراتیان هەیە:

أ_ نابێ مردووەکە برای لە داك و بابی هەبێ . ب_ نابێ مردووەکە نەوەی هەبی(کوری کوی یان کچی کور) ج_ نابێ مردووەکە باب یان بابی بابی مابێ .

بۆ نمونە: ژنیك مرد لە پاشی بەجێما (مێرد- داك _ ٤خوشك لە داك وباب)

مێرد	داك	(٤) خوشك لەداك وباب	مسالە
٢\١	٦\١	٣\٢	٦
٣	١	٤	عەول بۆ(٨)

(٤) دووخوشك لەباب : لە چوار حالەت دا ﴿٣\٢﴾ میراتیان هەیە:-

أ_ نابێ مردووەکە برای لە بابی هەبێ ب_ نابێ مردووەکە منال و نەوەی کورانی هەبێ

ج_ نابێ مردووەکە باب و بابی بابی مابێ د_ نابێ مردووەکە خوشك وبرای لە داك وبابی هەبێ

بۆ نمونە:- پیاوێك مرد لە پاشی بەجێما : ژن- ٨ خوشك لە باب

ژن	(٨) خوشك لە باب	مسالە
٤\١	٣\٢	١٢
٣	٨	

لەم مسالە دا ماوە (١) رەت دەکرێتەوە بۆ سەر (٨) خوشکەکە بە یەکسانی.

سێ یەکی میرات﴿٣\١﴾ :- دوو جۆرە میراتگر (٣\١) میراتیان بەردەکەوێ :

یەکەم :- داکی مردووەکە بەلام بە دوو مەرج :-

1. **نابی مردووەکە کورو کچی یان کوری کورو کچی کوری هەبێ .**
2. **نابێ مردووەکە لە یەك برا یان یەك خوشك زیاتری هەبێ .**

بۆ نمونە:- ژنێك مرد لە پاشی بەجێما :مێرد _ داك_ (١) برا

مێرد	داك	(١) برا	مسالە
٢\١	٣\١	عەسەبە (ماوە)	٦
٣	٢	١	

پیاویك مرد لە پاشی بەجێما : ژن _ داك _ (١) خوشك

ژن	داك	(١) خوشك	مسالە
١\٤	١\٣	١\٢	١٢
٣	٤	٦	

دووەم : - خوشك وبرای مردووەکە لە داك (١\٣) میراتیان بەردەکەوی بە سێ مەرج :-

١- دەبێ دوو یان زیاتر بن جا دووبرا بن وزیاتر یان دوو خوشك وزیاتر یان لەهەردوو جۆر واتە خوشك وبرابن دوو یان زیاتر .

٢- نابێ مردووەکە کوروکچ یان کوری کورو کچی کوری هەبێ.

٣- نابێ مردوەکە باب و باپیری(بابی بابی) مابێ .

ئاگاداری:- خوشك وبرای مردوو لە داك وباب (١\٣) بەیەکسانی دابەشی سەریان دەکری واتە بۆوان ناکری بە دوو بە یەك .

ژنێك مرد لە پاشی بەجیما :- مێرد _ (١) خوشك لە داك وباب _ (١) خوشك لە داك _ (١) برا لەداك :

مێرد	(١) خوشك لە داك وباب	(١) خوشك لە داك	(١) برا لە داك	مسالە
١\٢	١\٢	١\٣		٦
٣	٣	(١)	٢ (١)	عول(٨)

شەش یەکی میرات ﴿١\٦﴾ :- حەوت جۆر میراتگر هەن کە ﴿١\٦﴾ میراتیان بەرکەوێ :

یەکەم: بابی مردووەکە : ئەوکاتە باب ﴿١\٦﴾ وەردەگرێ ئەگەر مردووەکە کورو کچ یان کوری کورو کچی کوری هەبێ :

: پیاوێك مرد لەپاشی بەجێما : ژن_ باب_ کور_کچ :

ژن	باب	کور	کچ	مسالە	ڕاست کردن
١\٨	١\٦	عەسەبە		٢٤	٢٤★٣= ٧٢
٣*٣	٣*٤	٣★١٧			
٩	١٢	﴿٣٤﴾	٥١ ﴿١٧﴾		

تێبینی: ئەگەر هاتوو مردووەکە تەنها کچی هەبێ یان کچی کوی واتە کوی نەبوو وە کوی کوی نەبوو ئەوا لەم حالەتەدا باوەکە ﴿١\٦﴾ و ئەوەی ماوە وەریدەگرێ بە تەعسیب .

ژنێك مرد لە پاشی بەجیما : میرد – باب – کچ یان کچی کوی

مێرد	باب	کچ یان کچی کوی(١)	مساله
١\٤	١\٦+ ماوە	١\٢	١٢
٣	٢+١=٣	٦	

دووەم: داکی مردووەکە : ﴿١\٦﴾ میرات وەردەگرێ بەدوو مەرج :

(١) ئەگەر مردووەکە کوی‌و کچی هەبێ یان کوی کوی‌و کچی کوی .

: ژنیك مرد لە پاشی بەجێما : داك _ کوی _ کچ

داك	کوی	کچ	مساله	راست کردنەوە
١\٦	عەسەبە		٦	٦★٣
١★٣	٥★٣			١٨
٣	﴿١٠﴾	١٥ ﴿٥﴾		

(٢) داکی مردووەکە ﴿١\٦﴾ هەیە ئەگەر مردووەکە دوو خوشك وبرا یان زیاتری هەبێ ولەدوو کەمتر نەبن :

پیاوێك مرد و لەپاشی بەجێما : ژن – داك – برا – خوشك

ژن	داك	برا	خوشك	مساله	راست کردنەوە
١\٤	١\٦	عەسەبە		١٢	١٢★٣
٣★٣	٢★٣	٥★٣		٣٦	
٩	٦	﴿١٠﴾	١٥ ﴿٥﴾		

سێیەم: باپیر(بابی باب ﴿١\٦﴾ ی میرات وەردەگرێ : ئەگەر مردووەکە بابی نەمابێ :

نمونە: پیاوێك مرد لە پاشی بەجێما : باپیر_ داك_ کوی _کچ

باپیر	داك	کوی	کچ	مساله	راست کردنەوە
١\٦	١\٦	عەسەبە		٦	٦★٣
١★٣	١★٣	٤★٣		١٨	
٣	٣	﴿٨﴾	١٢ ﴿٤﴾		

چوارەم: داپیری مردووەکە ﴿١\٦﴾ میرات وەردەگرێ جا یەك داپیر بێ یان زیاتر وە داکی داك بێ یان داکی باب بە مەرجێك نابێ مردووەکە داك وبابی مابێ .

پیاوێك مرد لە پاشی بە جێما : داکی داك – داکی باب – کوی :

داکی داك	داکی باب	کور	مساله	راست کردنەوە
١\٦		ماوە	٦	٢★٦
١★٢		٢★٥	١٢	
﴿١﴾	٢ ﴿١﴾	١٠		

پینجەم: کچی کوی مردووەکە : جا یەك بیت یان زیاتر ﴿١\٦﴾ میراتیان هەیە ئەگەر:

١- مردووەکە تەنها یەك کچی هەبێ .

٢- مردووەکە کوی نەبێ.

٣- کچی کوی عەسەبەی نەبێ .

ژنێك مرد لە پاشی بەجێما : باب _ (١) کچ _ (٢) کچی کوی

باب	(١) کچ	(٢) کچی کوی	مساله
١\٦+ ماوە	٢\١	٦\١	٦
١+١	٣	١	
٢			

بەلام ئەگەر کچی کوی عەسەبەی هەبێ:

نمونە:

بــاب	(١) کچ	کچی کوی	کوڕی کوی	مساله	راست کردنەوە
٦\١	٢\١	عەسەبە		٦	٣★٦
٣★١	٣★٣	٣★٢		١٨	
٣	٩	﴿٢﴾	٦ ﴿٤﴾		

شەشەم:خوشك لە باب جا یەك بیت یان زیاتر ﴿١\٦﴾ وەردەگری لەم حاڵەتانەدا:-

١- ئەگەر مردووەکە کویوکچ یان کوی کویو کچی کوی نەبی.

٢- ئەگەر مردووەکە باب یان باپیری نەمابێ.

٣- ئەگەر مردووەكە برای لە داك وبابی نەبێ.

٤- نابێ مردووەكە لە (١) خوشك لەداك وباب زیاتری هەبێ.

٥- نابێمردووەكە برای لە بابی هەبێ.

حەوتەم:- خوشك وبرای مردووەكە لە داك : خوشك وە یان برای مردووەكە لە داك ﴿٦\١﴾ میرات وەردەگری ئەگەر :

١- نابێ مردووەكە لە یەك برا یان یەك خوشك زیاتری لە داكی هەبێ.

٢- نابێ مردووەكە باب وباپیرو منال و منالی منالی هەبێ.

بەشێكی تری میرات ماوە كە بە ئجتهادی زاناكانەو لە قورئان ناوی نەهاتووە : ئەویش ﴿٣\١ ی ماوە ﴾ كە ئوم بەشەش بەشی دایكە لەدوو مەسەلەی ناوبراو بە (عمریتین – غراوتین)

١- ژنێك مرد و لەپاشی بەجێما : مێرد _ باب _ داك :

مێرد	داك	باب	مساله	راست كردنەوە
٢\١	٣\١ ی ماوە پاش میردەكە	ماوە	٢	٣*٢
٣*١	٣*١		٦	
٣	١	٢		

٢- پیاویك مرد لە پاشی بەجێما : ژن _ داك _ باب :

ژن	داك	باب	مساله
٤\١	٣\١ ی ماوە	ماوە	٤
١	١	٢	

==
======================================

(عەســەبە)

عەسەبە : بەو میراتگرە دەگوترێ کەبەشی دیاری کراوی نیە لە و بەشانەی باسمان کرد بەلکو ئەو کەسەیە کە ئەگەر هیچ میراتگر نەبێ ئەوە هەموو میراتەکە بۆ ئەو دەبێ یان ئەگەر ماوە ماوە بۆ عەسەبە دەبێ .

بــە شەکانی عەسەبە:- دوو بەشی هەیە :-

١) عەسەبە بە سەبەب : واتە معتق و معتقە و میرات گرە نێرینەکانی معتق .

٢) عەسەبە بەنەسەب : واتە ئەو میرات گرە نێرینانەی کە لەسەرەتا باسمان کرد تەنها دوو لەوان نابن بە عەسەبە (مێرد – برا لە داك) کەواتە عەسەبە بە نەسەب ئەمانەن :

باب _ باپیر- کور-کوڕی کوڕ- برا لە داك وباب – برا لە باب – مام لە داك و باب – کوڕە مام لە داك وباب – کوڕە مام لە باب .

بەشەکانی عەسەبە بە نەسەب :- سێ بەشی هەیە :

١) عەسەبە بە نەفس ٢) عەسەبە بە غەیری خۆی ٣) عەسەبە لەگەڵ غەیری خۆی .

١ عەسەبە بە نەفس: چوار لایەن دەگرێتەوە :-

أ- لایەنی منالی مردووەکە : واتە ئەو نێرینانەی کە مردووەکە پاش کەوتوون ، وەکو: کوڕ، کوڕی کوڕ، کوڕی کوڕی کوڕ ، .....هتد .

ب- لایەنی بابی مردووەکە : واتە : باب ، بابی باب ، بابی بابی باب ، ...هتد .

ج – لایەنی برایەتی : واتە برا لە داك وباب – برالە باب ، کوڕە برا لە داك و باب ، کوڕە برا لە باب ،...... هتد.

د- لایەنی مام : واتە مام لە داك وباب ، مام لە باب ، کوڕە مام لە داك وباب ، کوڕە مام لە باب ..هتد .

دەستوری میرات گرتن بە عەسەبە بە نەفس

١) هەتا لایەنی نزیك هەبێ لە مردووەکە لایەنی دوور ناگرێ بە عەسەبە ، بۆ نمونە ئەگەر مردووەکە کوڕ یان کوڕی کوڕی هەبێ ئەوا باب نابێ بە عەسەبە،وەئەگەر مردووەکە بابی مابێ برای مردووەکە نابێ بە عەسەبە وە ئەگەر مردووەکە برای هەبێ مام نابێ بە عەسەبە .

٢) ئەگەر هاتوو عەسەبەکانی لە یەك لایەن بوو وەکو باب ، باپیر، بابی باپیر ... وەیان کوڕ، کوڕی کوڕ ...، یان برا ، کوڕە برا ...، مام ، کوڕە مام ... ئەوا کامیان نزیکە دوورەکە بێ

بەش دەكات بۆنمونە ، باپیر بەباب لا دەكەوێ ، كوی‌ی كوی بە كوی، كوڕە برا بە برا ، كوڕە مام بە مام ....هتد .

٣) ئەگەر هاتوو عەسەبەكان لە یەك ئاست بوون بەلام پلەی نزیك بونەوەیان لە مردووەكە جیاواز بوو ئەوا نزیكەكە لە دوورەكە بەهێزترە بۆنمونە:برای مردووەكە لە داك وباب نزیكترە لە برای مردوو لە باب ...هتد .

٤) ئەگەر هاتوو عەسەبەكان لە نزیكی وبەهێزی وەكوو یەك بوون ئەوا بە یەكسانی بە سەریان دا دابەش دەكرێت بۆنمونە : (٣) كوی ، یان (٣) برا ....هتد .

٢﴾ عەسەبە بە غەیری خۆی: - ئەمانە ئەو عەسەبانەن كە ئەگەر بە تەنهابن پێیان ناگوترێ عەسەبە بەڵكو بە هۆی كەسانی ترەوە دەبن بە عەسەبە ، وە عەسەبە بە غەیر ئەمانەن :

هەر مێینەكی خاوەن بەشە برای خۆی لەگەڵ دابێ دەبیت بە عەسەبە و بەشی دیاری كراو نابات بۆ نمونە: كچ و كوی‌ی مردووەكە عەسەبەن ، خوشك وبرا لە داك وباب ، خوشك وبرا لە باب .

چەند تێبینیەك:-

١- خوشك وبرای مردووەكە لە داك لەگەڵ یەكتر نابن بە عەسەبە بەلكو(١\٣) بەسەریان دابەش دەكری بەیەكسانی .

٢- دەبێ عەسەبەكانی ئەم بەشە لە خزمایەتی و نزیك بوونەوەیان لە مردووەكە لە یەك ئاست بن ، واتە خوشك لەداك وباب نابێ بە عەسەبە لەگەل برا لەباب ، وە خوشك لە باب نابێ بە عەسەبە لەگەڵ برا لە داك وباب ، كچی مردووەكە نابێ بە عەسەبە لەگەڵ كوی‌ی كوی‌ی مردووەكە .

٣- ئەگەر مردووەكە كچ و كچی كوی‌ی هەبێ ئەوا:

أ_ ئەگەر مردووەكە (٢) كچ یان زیاتر هەبێ ئەوا كچی كوی یەك بێ یان زیاتر بێ بەش دەبن .

ب_ ئەگەر مردووەكە (١) كچی هەبێ ئەوا (١\٦) دەدرێ بە كچی كوی جا یەك كچی كوی‌بێ یان زیاتر

ج_ ئەگەر مردووەكە (٢) كچ یان زیاتری هەبێ وە كچی كوی‌و كوی‌ی كوی‌ی هەیە ئەوا لەم حالەتەدا كچانی مردووەكە (٢\٣) وەردەگرن و ماوەكە بۆ كچی كوی‌و كوی‌ی كوی دەبێ بە عەسەبە بۆنمونە:

٢كچ	٣ كچی كوی	٢ كوری كوی‌ی كوی	مساله	راست كردنەوە
٣\٢	عەسەبە		٣	٧*٣
٧*٢	٧*١		٢١	
	﴾٣﴿	٧ ﴾٤﴿		

٣﴾ عەسەبە لەگەڵ غەیری خۆی : ئەم بەشە مێینە مێینە دەكات بە عەسەبە :واتە:

١-خوشکی مردووەکە لە داك وباب وەیان لەباب لە گەڵ کچی مردووەکە یان کچی کوڕی مردووەکە ئەگەر کچ یان کچی کوڕ ژمارەیان دوو یان زیاتربێ بەلام بۆ خوشك مەرج نیە زیاتربی یەك بی یان زیاتر هیچ لە حوکەمکە ناگۆرێ:

(٣) کچ یان کچی کوی	خوشك لەداك وباب یان لەباب	مسالە
٣\٢	ماوە (عەسەبە) ٣\١	٣
٢	١	

حالەتەکانی باب لەوەرگرتنی میرات

بابی مردووەکە بە سێ جۆر میرات وەردەگرێ :

١- وەرگرتن بە فەرز :واتە ﴿٦\١﴾ ئەگەر هاتوو مردووەکە کوی یان کوی کوی هەبێ .

ژن	باب	کوی	مسالە
٨\١	٦\١	ماوە بە عەسەبە	٢٤
٣	٤	١٧	

٢- وەرگرتن بە ناوی عەسەبە: واتە ماوەکە هەمووی بۆ بابەکە دەبێ پاش خاوەن بەشەکان ئەگەر مردووەکە کویوکچ وکوی کویو کچی کوی نەبی واتە منال ونەوەی نەبێ:

مێرد	باب	مسالە
٢\١	ماوە بە عەسەبە	٢
١	١	

٣- بە فەرزو تەعسیب : ئەگەر مردووەکە کوی یان کوی کوی نەبێ ئەوا ﴿٦\١)+ماوە دەبات:

ژن	کچ یان کچی کوی	باب	مسالە
٨\١	٢\١	٦\١+ماوە	٢٤
٣	١٢	٤+٥ ﴿٩﴾	

تێبینی: ئەگەر هاتوو پاش خاوەن بەشەکان هیچ نەماوە ئەوا تەنها ﴿٦\١﴾ بۆ باب دائەنرێ وە ئەگەر هیچ میرات گر نەبوو ئەوا هەمووی بۆ باب ئەبێ .

جیاوازی لە نێوان باب و باپیر(بابی باب):باپیر هەمان حوکمی بابی هەیە لە میرات وەرگرتن دا بەلام لە **(٣) حوکم لەگەل باب جیاوازن :**

١- ئەگەر مردووەکە بابی هەبا ئەوا خوشك وبرای مردووەکە ی لە داك وباب یان لە باب بی بەش دەبوون لە میرات بەلام باپیر ناتوانێ بێ بەشیان بکات بەلکو لەگەلیان دەبێ بە بەش .

٢- لە دوو مەسەلی (عمریتین، غراوتین) باب بەش داکی مرووەکەی دەبرد بۆ ﴿٣\١ ی ماوە﴾ بەلام باپیر ئەمەی پێ ناکرێ بەڵکو داك ﴿٣\١﴾ تەواو دەبات .

٣- بابی مردووەکە داکی باب بێ بەش دەکات لەمیرات بەلام باپیر ناتوانێ داکی باب بێ بەش بکات

بەشی سێ یەم

(الحجب)/ بێ بەش بوون لە میرات

بەشەکانی حەجب:- دوو بەشی هەیە :

١- حەجب بە وەسف : وەکو ئەوانەی کەباسمان کردووە لەسەرەتا کەمیراتیان پێ نادرێ کە ئەمانە بوون : کۆیلایەتی _ بکوژی مردووەکە _ کوفر .

٢- حەجب بە کەسایەتی(شە خس) : ئەمەش دوو بەشی هەیە :-

١) حەجبی حرمان : واتە بە تەواوی بێ بەش بوون لە میرات .

٢) حەجبی کەم بوون : واتە بەتەواوی بێ بەش نابێ بەلکو بەشەکەی کەم دەبصتەوە .

تصبینی :- ئەوانەی کە بە هیچ شصوەیەك بص بەش نابن لە میرات پصنج کەسن :باب _ داك _ کویوکچ _ مصرد _ژن .

١) حەجبی حرمان :- ئەمانەن:

١- باپیر: بص بەش دەبص لە میرات ئەگەر باب هەبص .

٢- داپیر(داکی داك وداکی باب):- بص بەش دەبن لە میرات ئەگەر هاتوو داکی مردووەکە مابص ، هەروەها داکی باب بە بابی مردووەکە بص بەش دەبص .

٣- داپیری دووری مردووەکە لەلایەنی باب: واتە ئەگەر هاتوو مردووەکە دوو داپیری هەبص یەکیان نزیك لەمردووەکە و ئەوی تریان دوور لە مردووەکە وە یەکیان لە لایەنی بابە و ئەوی تر لە لایەنی داك ، واتە ئەگەر هاتوو لە مەسەلەکەدا داکی داك هەبص لەگەڵ داکی داکی باب ئەوا داکی داك﴿٦\١﴾ ی

بەردەکەوص بەلاْم داکی داکی باب بص بەش دەبص چونکە داکی داك نزیك ترە هەروەها لایەنی داك ئەسل ترە لە لایەنی باب .

بەلام داپیری نزیکی مردووەکە لە لایەنی باب ناتوانص داپیری دووری مردووەکە لە لایەنی داك بص بەش بکات بەلکو هەردووکیان بەشدارن اە ﴿٦\١﴾ ی میراتەکە. بۆ نمونە:

ژن	داکی باب	داکی داك	کوی	مساله
٨\١	٦\١		ماوه /عەسەبە	٢٤
٣	﴿٢﴾	(٤) ﴿٢﴾	١٧	

٤- نەوەی مردووەکە(کوڕی کوڕو کچی کوی) : نەوە بص بەش دەبن لە میرات ئەگەر مردووەکە کوڕی هەبص ز هەروەها نەوەی نزیك نەوەی دوور بص بەش دەکات واتە کوڕی کوڕی کوی بص بەش دەبص بە کوڕی کوی .... بەلام ئەگەر مردووەکە کوڕی نەبص بەڵکو تەنها کچی هەبی لە گەڵ کچی کوی ئەوا ئەگەر مردووەکە (١) کچی هەبص ئەوا نیوە بۆ کچەکەو (٦\١) بۆ کچی کوی جا کچی کوی یەك بص یان زیاتر بەلام ئەگەر لە نەوە کوی هەبص ئەوا کچی کوی لەگەل نەوە نیرینەکە دەبن بە عەسەبە :

(١) کچ	(٢) کچی کوی	باب	مساله
٢\١	٦\١	٦\١+ماوه	٦
٣	١	١+١ ﴿٢﴾	

(٢) کچ	(١) کچی کوی	داك	مساله
٣\٢	بص بەشە ⋆	٦\١	٦
٤		١ (ماوه(١) بۆ داك و دوو کچەکە دەبص)	

(٢) کچ	کچی کوی	کوڕی کوڕی کوی	مساله	راست کردنەوه
٣\٢	عەسەبە		٣	٣⋆٣
٣⋆٢ ﴿٦﴾	﴿١﴾	(٣) ﴿٢﴾	٩	

٥-خوشك وبرا لە داك وباب : بص بەش دەبن لە میرات بە هەبوونی: باب، کوی، کوڕی کوی ..

٦-خوشك وبرا لە باب : بص بەش دەبن لەمیرات بە هەبوونی: باب، کوی، کوڕی کوی، خوشك وبرا لە داك وباب ، خوشك لە داك وباب ئەگەر کچی یان کچی کوڕی مردووەکەی لەگەڵ دابص .خوشك لە باب بص

به‌ش ده‌بن ئه‌گه‌ر مردووه‌كه دوو خوشك یان زیاتری هه‌بیٚ له داك وباب به‌لام ئه‌گه‌ر خوشكه‌كانی له باب برایان هه‌بص ئه‌وه له‌ماوه‌ی پاش خوشكانی له داك وباب ده‌بن به عه‌سه‌به :

ژن	(٢)خوشك له داك وباب	خوشك له باب	مساله
٤\١	٣\٢	⋆بص به‌شه	١٢
٣	٨ (ماوه(١) بۆ دووخوشك له‌داك وباب ده‌گه‌رێته‌وه)		

ژن	٢خوشك له داك وباب	خوشك له باب	برا له باب	مساله	راست كردنه‌وه
٤\١	٣\٢	عه‌سه‌به		١٢	١٢⋆٣
٣⋆٣	٣⋆٨	٣⋆١		٣٦	
٩	٢٤	﴿١﴾	(٣) ﴿٢﴾		

٧- خوشك وبرای مردووه‌كه له داك :به‌مانه بص به‌ش ده‌بن : باب ، كوی، كوی‌ی كوی، كچ، كچی كوی، باپیر.

٨- كوڕه برا له داك وباب : به هه‌بوونی یه‌كێك له‌مانه بص به‌ش ده‌بص: باب، باپیر،كوی، كوی‌ی كوی، برا له داك وباب ، برا له باب

٩- كوڕه برا له باب : به هه‌بوونی ئه‌مانه بص به‌شه: باب،باپیر، كوی، كوی‌ی كوی، برا له‌داك وباب ، برا له باب ، كوڕه برا له داك وباب .

١٠- مام له داك وباب : بص به به‌شه به : باب ، باپیر، كوی ، كوی‌ی كوی، برا له داك وباب ، برا له‌باب، كوره برا له داك وباب ، كوڕه برا له‌باب ، خوشك له داك وباب ئه‌گه‌ر كچ یان كچی كوی‌ی مردووه‌كه‌ی له‌گه‌ل دابص .

١١- مام له باب : بص به‌شه به : باب، باپیر، كوی، كوی‌ی كوی ، برا له داك وباب ، برا له باب ، كوڕه برا له داك وباب ، كوڕه برا له باب، خوشك له‌داك وباب ئه‌گه‌ر كچ یان كچی كوی‌ی مردووه‌كه‌ی له‌گه‌ل دابص، مام له داك وباب .

١٢- كوڕه مام له داك وباب: بص به‌شه ئه‌گه‌ر : ئه‌وانه‌ی له خالی(١١) باس كران+مام له باب .

١٣- كوڕه مام له باب: بص به‌شه به هه‌بوونی : ئه‌وانه‌ی له خالّی(١٢) باس كراون+ كوره مام له داك وباب .

تصبینی: كوڕه برای مردووه‌كه له داك وباب بص یان ته‌نها له‌باب له‌گه‌لّ خوشكی خۆیان نابن به عه‌سه‌به چونكه كچه برا یه‌كێكه له ژوو الّرحام .

مەسەلەی المشركه

هۆی ناوبردنی بەم ناوە ﴿ مشركه﴾ چونكه لەم مەسەلەیەدا برای مردووەكه له داك وباب له گەڵ خوشك وبرا له داك دەبن به بەش له ﴿٣\١﴾ مەسەلەكه ئەمەیە:

ژنێك مرد و لەپاشی به جصما : مصرد_ داك_ برا له داك وباب_ خوشك وبرا له داك :-

مصرد	داك	براله داك وباب	خوشك وبرا له داك	مساله	چاكردنەوە
٢\١	٦\١	٣\١		٦	٣★٦
٣★٣	٣★١	٣★٢		١٨	
		٢	٤		

چەند تصبینیەك لەو مەسەلەیەدا :-

١) ئەگەر هاتوو له جصگای داكی مردووەكه (داپیر) هەبا ئەوا هیچ له مەسەله ناگۆرص.

٢) ئەگەر هاتوو له جصگای برای له داك وبابی مردووەكه (برای له باب) هەبا ئەوا بص بەش دەبوو.

٣) ئەگەر هاتوو له جصگای برا لەداك وباب یەك خوشك له داك وباب هەبا ئەوا خوشكەكه نیوەی بەردەكەوت و مەسەلەكه دەگۆرا .

٤) ئەگەر هاتوو له جیگای برا له داك وباب دوو خوشك یان زیاتر هەبا ئەوا (٣\٢) یان بەردەكەوت و مەسەلەكه دەگۆرا .

٥) ئەگەر هاتوو له جیگای برا له داك وباب (نیرەموك) هەبا ئەوا مەسەلەكه چاك دەكرا له (١٨) كه بەم شیوەیه دابەش دەكرا :-

بۆ میرد(٦) بەش ، داك (٢) بەش ، خوشك وبرا له داك (٤) بەش ، وە بۆ نصرەمووك (٢) بەش .

لیرەدا (٤) بەش ماوە رادەگیری هەتا رۆن دەبیتەوە ئایا نیرەمووكەكه نیره یان میيه ؟ جا ئەگەر دەرچوو نیر بوو ئەوا (١) بەش بۆ داكەكه و(٣) بەش بۆ میردەكه دەگەریتەوە، وە ئگەر دەركەوت میيه ئەوا هەر چوار بەش بۆ نیرەمووكەكه ئەبی .

((میراتی باپیر له گەل خوشك وبرا دابێ))

حالەتەكانی میراتی باپیر ئەگەر هاتوو مردووەكە خوشك وبرای هەبی :

١) ئەگەر هاتوو له مەسەلەكەدا خاوەن فەرز(بەشی دیاری كراو) نەبی.

٢) ئەگەر هاتوو له مەسەله كه خاوەن فەرز هەبی .

حالەتی یەكەم : ئەگەر هاتوو له مەسەلەدا خاوەن فەرز نەبی :

========== لیرەدا دووبەش دیاری دەكری بۆ باپیر كامیان زیاتر بێ ئەو دەبات ، بەشەكان (٣\١) سێیەكی میرات وه یان (مقاسمه) بوون به بەش لەگەل خوشك و برای مردووەكه .

<u>ئەوحالەتانەی كه (مقاسمه) بۆ باپیر باشترە:-</u> لەم مەسەلانەی خوارەوە مقاسمە بۆ باپیر قازانج ترە :

١) باپیرو (١) خوشك له داك وباب یان تەنها له باب .

به مقاسمه		
باپیر	١خوشك لەداك وباب	مەسئەلە
مقاسمه		٣
٢	١	

به سێیەك ١/٣		
باپیر	١خوشك لەداك وباب	مەسئەلە
١/٣	ماوە	٣
١	٢	

٢) باپیر و (١) برا له داك وباب یان تەنها له باب .

به مقاسمه		
باپیر	١برا لەداك وباب یان له باب	مەسئەلە
مقاسمه		٢
١	١	

به سێیەك ١/٣		
باپیر	١برا لەداك وباب یان له باب	مەسئەلە
١/٣	ماوە	٣
١	٢	

٣) باپیرو (٢) خوشك لە داك وباب یان لە باب .

به مقاسمه		
باپیر	٢خوشك لەداك وباب یان لە باب	مەسئەلە
مقاسمه		٤
٢	٢	

به سێیەك ١/٣		
باپیر	٢خوشك لەداك وباب یان لە باب	مەسئەلە
١/٣	ماوە	٣
١	٢	

٤) باپیر و (٣) خوشك لە داك وباب یان لە باب .

به مقاسمه		
باپیر	٣خوشك لەداك وباب	مەسئەلە
مقاسمه		٥
٢	٣	

به سێیەك ١/٣		
باپیر	٣خوشك لەداك وباب	مەسئەلە
١/٣	ماوە	٣
١	٢	

٥) باپیرو براو خوشك لە داك وباب یان لە باب .

به مقاسمه			
باپیر	١خوشك لەداك وباب	١ برا لە داك وباب	مەسئەلە
مقاسمه			٥
٢	١	٢	

به سێیەك ١/٣			
باپیر	١خوشك لەداك وباب	١ برا لە داك وباب	مەسئەلە
١/٣	ماوە		٣
١	٢		

ئەو حاڵەتانەی کە (٣\١) بۆ باپیر باشترە:- ئەگەر هاتوو خوشك و براکانی مردوو دوو ئەوەندەی باپیر بوون :

١) باپیرو (٣) برا لە داك وباب یان تەنها لە باب .

به مقاسمه	به سێیەك ١/٣

باپیر	٣برا لەداك وباب یان لە باب	مەسئەلە
مقاسمە		٤
١	٣	

باپیر	٣برا لەداك وباب یان لە باب	مەسئەلە
١/٣	ماوە	٣
١	٢	

٢) باپیر +(١) برا+ (٣) خوشك

به مقاسمه			
باپیر	٣خوشك لەداك وباب	١ برا لە داك وباب	مەسئەلە
مقاسمە			٧
٢	٣	٢	

به سێیەك ١/٣			
باپیر	٣خوشك لەداك وباب	١ برا لە داك وباب	مەسئەلە
١/٣	ماوە		٣
١	٢		

٣) باپیر +(٥) خوشك لە داك وباب یان تەنها لە باب .

به مقاسمه		
باپیر	٥خوشك لەداك وباب یان لە باب	مەسئەلە
مقاسمە		٧
٢	٥	

به سێیەك ١/٣		
باپیر	٥خوشك لەداك وباب یان لە باب	مەسئەلە
١/٣	ماوە	٣
١	٢	

<u>ئەو حالەتانەی کە (٣\١) ومقاسمە وەکوو یەکن بۆ باپیر :</u>

١) باپیر+ (٢) برا

به مقاسمه		
باپیر	٢برا لەداك وباب یان لە باب	مەسئەلە

به سێیەك ١/٣		
باپیر	٢برا لەداك وباب یان لە باب	مەسئەلە

مقاسمه		٣		١/٣	ماوه	٣
١	٢			١	٢	

٢) باپیر + (٤) خوشك

به مقاسمه				به سێیەك ١/٣		
باپیر	٤خوشك لەداك وباب یان لە باب	مەسئەلە		باپیر	٤خوشك لەداك وباب یان لە باب	مەسئەلە
مقاسمه		٦		١/٣	ماوه	٤×٣
٢	٤			٤=٤×١	٨=٤×٢	١٢

٣) باپیر +(١) برا + (٢) خوشك

به مقاسمه					به سێیەك ١/٣			
باپیر	٢خوشك لەداك وباب	١ برا لە داك وباب	مەسئەلە		باپیر	٢خوشك لەداك وباب	١ برا لە داك وباب	مەسئەلە
مقاسمه			٦		١/٣	ماوه		١٢=٤×٣
٢	٢	٢			٤=٤×١	٨=٤×٢		

حالەتی دووەم :- ئەگەر لە مەسەلەدا خاوەن فەرز هەبێ : لیرەدا سێ بەش بۆ باپیر دیاری دەکری کامیان زیاتربوو ئەو دەبا نەوەك هەر سێ بەش بەیەکەوە :بەشەکان ئە مانەن : (مقاسمە) یان (١\٦) یان (١\٣) ی ماوە پاش خاوەن فەرزەکان .

نمونەی ئەوە مقاسمە باشتر بێ:

(مێرد+باپیر+ برا)

میرد	باپیر	١ برا لەداك وباب یان لە باب	مەسئەلە
١/٢	موقاسەمە		٢×٢
١×٢=٢	١×٢=٢		٤

نمونەی ئەوە (٣\١) ی ماوە باشتر بێ :

داك+ باپیر + (٥) برا .

داك	باپیر	٥ برا لەداك وباب یان لە باب	مەسئەلە
١/٦	١/٣ی ماوەی پاش دایكەكە	ماوە بە عصبە	٣×٦
١×٣=٣	ماوە ٥ بەلام ژمارە ٥ سێیەكی نیە بۆیە مەسەلەكە جارانی ٣ دەكەین واتە ١٥=٣×٥ ٥=٣÷١٥ بۆ باپیر ٥ بەش و بۆ هەر برای ٢بەش		١٨

نمونەی شەش یەك(٦\١) :مێرد+داك+ باپیر+(٢) برا .

مێرد	داك	باپیر	٢ برا لەداك وباب یان لە باب	مەسئەلە
١/٢	١/٦	١/٦	ماوە بە عصبە	٦
٣	١	١	١	

وانەی پێنجەم : چەند بەشیكی یەكسان لە بەشەكانی باپیر لە حالەتی دوەم :

نمونەی مقاسمە وسێیەكی ماوە وەكوو یەك بن : داك + باپیر + (٢)برا .

بە مقاسمە					بە سیێەك ١/٣ی ماوە دوای خاوەن بەش			
داك	باپیر	٢برا لەداك وباب یان لە باب	مەسئەلە		داك	باپیر	٢برا لەداك وباب یان لە باب	مەسئەلە

١/٦	ماوه ٥ به مقاسمه		٣×٦		١/٦	١/٣ی ماوه	ماوه	٦ ×٣
٣=٣×١	لەبەر ئەوەی ٥ دابەشی سەر ٣ نابی – باپیر و ٢برا- بۆیە مەسەلە جارانی ٣ دەکەین ٥×٣=١٥ هەریەکەی ٥ بەش		١٨		٣=٣×١	ماوه ٥ بەش وە لەبەر ئەوەی ٥ سێیەکی نیە بۆیە دەبی مەسە جارانی ٣ بکەین واتە ٥×٣= ١٥ واتە سێیەکی ١٥ دەکاتە ٥ بەش		١٨

نمونەی مقاسمه و شەش یەك وەکوو یەك بێ: مێرد+ داپیر+باپیر+برا .

بەمقاسمه **به ١/٦ شەش یەك**

مێرد	داپیر	باپیر	١برا	مسئله		مێرد	داپیر	باپیر	١برا	مسئله
١/٢	١/٦	(٢) ماوه مقاسمه		٦		١/٢	١/٦	١/٦	ماوه	٦
٣	١	١	١			٣	١	١	١	

نمونەی شەش یەك وسێیەکی ماوه وەکوو یەك بن :مێرد+باپیر+(٢) برا

به مقاسمه					به سیێەك ١/٣ی ماوه دوای خاوەن بەش			
میرد	باپیر	٢برا لەداك وباب یان له باب	مەسئەله		میرد	باپیر	٢برا لەداك وباب یان له باب	مەسئەله
١/٢	ماوه(١) به مقاسەمه		٣×٢		١/٢	١/٣ی ماوه	ماوه	٢ ×٣
٣=٣×١	١×٣=٣ واتە باپیرەکە ١ بەش و هەر برای بەشیك		٦		٣=٣×١	ماوه١ بەش وە لەبەر ئەوەی١ سێیەکی نیە بۆیە دەبی مەسە جارانی ٣ بکەین واتە ١×٣= ٣ واتە سێیەکی ٣ دەکاتە ١ بەش		٦

تیبینی:- باپیر نابێ له شەش یەك کەمتر وەربگری جائەگەر هاتوو پاشی خاوەن بەشەکان شەش یەك ماوه ئەوا بۆ باپیرە و برا بی بەش دەبی وە ئەگەر له ٦\١ کەمتر ماوه دەبی تەواو بکری وبدری به باپیر وە ئەگەر هیچ نەماوه هەردەبی ٦\١ بۆ باپیر دابنری و مەسەلەکە عەول بکری .

نمونە:

(٢) کچ	داك	باپیر	برا	مساله

٣\٢	٦\١	٦\١	★	٦
٤	١	١	٠	

نمونە:

میرد	(٢) کچ	باپیر	برا	مسالە
٤\١	٣\٢	٦\١	★	١٢
٣	٨	٢	٠	عەول بۆ١٣

نمونە:

(٢) کچ	میرد	داك	باپیر	برا	مسالە
٣\٢	٤\١	٦\١	٦\١	★	١٢
٨	٣	٢	٢	٠	عەول بۆ ١٥

وانەی شەشەمین : هەندی حوكمی باپیر لەگەل خوشك وبرای مردووەكە :

ئەگەر هاتوو لە مەسەلەدا باپیروخوشك وبرا لە داك وبا ب ولەباب هەبێ جا خاوەن فەرز هەبێ یان نەبێ ئەوا لەم حالەتەدا براكانی لەباب لە گەل براكانی لەداك وباب دەبن بەیەك و باپیر لە نیوەی میرات دەكەن بە ٣|١ ئینجا كە باپیرەكە بەشی خۆی وەرگرت براكانی لە داك وباب براكانی لەباب بێ بەش دەكەن لە میرات وبەشی كەم كراوە لە باپیر دەگەرێتەوە بۆ براكانی لە داك وباب . وەك ئەم دوو نمونەیە:-

باپیر	برا لەداك وباب	برا لەباب	مسالە
٣/١	ماوە	بێ بەش	٣
١	٢	.	

ژن	باپیر	برا لەداك وباب	برا لەباب	مسالە
٤/١	٣/١ ی ماوە یان مقاسمە	ماوە	بێ بەش	٤
١	١	٢	٠	

ئەگەر هاتوو لە مەسەلەی باپیر خوشك وبرا لە داك و باب و خوشك وبرا لە باب هەبێ ئەوا بە هەمان شێوە بەشی باپیر (٣\١) دەبێ ئەگەر یەك خوشك لە داك وباب هەبێ ئەوا نیوەی بەردەکەوێ وە ئەگەر دووبن ئەوا (٣\٢) وەردەگرن ئینجا ئەوەی ماوە دەدرێ بە خوشك وبرا لە بابەکە بۆ نمونە : (باپیر – (٢) خوشك لە داك وباب – خوشك وبرا لەباب) :

باپیر	(٢)خوشك لە داك وباب	خوشك وبرا لەباب	مسالە
٣\١	٣\٢	ماوە	٣
١	٢	هیچ نەماوە(⋆)	

ئەمجارە (ژن – باپیر – (١) خوشك لە داك وباب – (٢) برا لەباب)

ژن	باپیر	(١) خوشك لە داك وباب	(٢) برا لەباب	مسالە
٤\١	(٣\١)ی ماوە	٢\١		٤
١	١	٢	هیچ نەماوە (⋆)	

ئەگەر هاتوو پاش بەشی باپیر خوشکەکە لە نیوەی کەمتری بەردەکەوت ئەوا وەری دەگرێ و برا لەباب بێ بەش دەبێ

مێرد	باپیر	(١) خوشك لە داك وباب	برا لەباب	مسالە
٢\١	مقاســـــــــــــــــــــــــــمە(١×٥)			٢×٥
١×٥=٥	٢	٢+١(بەشی برا لەباب)	⋆هیچ نەماوە	

وانەی حەوتەمین و کۆتایی :

تێبینی : هەندێ جار ماوە دەمێنێتەوە بۆ براکەی لەباب دەبێ ئەمەش لە چوار مەسەلەی ناوبراو بە (الزیدیات الاربع) واتە چوار مەسەلەی زەید رەزای خوای لەسەربێ کە ئەمانەن :

١- ناوی (المساله العشريه) : واتە مەسەلەکە لە (١٠) دەردەچێ کە ئەمانەن (باپیر – خوشك لە داك وباب – برا لەباب) مەسەلە لە (١٠) باپیر (٤) بەش وخوشکەکە (٥) بەش و براکە ماوەی هەیە (١) یەك بەش .

٢- ناوی (المساله العشرينيه) : واتە مەسەلەکە لە بیست دەردەچێ : (باپیر – خوشك لە داك وباب – (٢) خوشك لە باب) : مەسەلەکە لە بیستە : باپیر (٨) هەشت بەش، خوشك لە داك وباب (١٠) دەبەش ، (٢) خوشك لە باب (٢) دووبەش ، هەر خوشکی لەباب بەشێکی هەیە .

٣- ناوی (مختصره زيد) : (داك – باپیر – خوشك لە داك وباب – خوشك وبرا لە باب) : مەسەلەکە لە(٥٤) دەردەچێ : داکەکە (٦\١) واتە (٩) نۆ بەش ، باپیرەکە(٣\١ ی ماوە) واتە (١٥) پازدە بەش ، وە خوشکەکە لە داك وباب (٢\١) واتە (٢٧) بیست و حەوت بەش . ماوە ش بۆ خوشك وبرا لەبابەکە واتە (٣) بەش براکە دووبەش و خوشکەکە بەشێك.

٤- ناوی (تسعينيه زيد) مەسەلەکە لە (٩٠) دەردەچێ : (داك – باپیر – خوشك لە داك وباب – (٢) برا لەباب – خوشك لە باب) داکەکە (٦\١) واتە (١٥) پازدە بەش ، باپیرەکە(٣\١ ی ماوە واتە(٢٥) بیست و پێنج بەش ،بۆ خوشکەکەی لە داك وباب نیوە واتە (٤٥) بەش ، ماوە (٥) بەش هەربرایەکی لە باب (٢) دوو بەش و خوشکەکەی لەباب (١) یەك بەش .

المسأله الاكدريه

مەسەلەی ئەکدەریە واتە مەسەلەی شێلو تێکەلاو کە میراتگرەکان ئەمانەن (مێرد – داك – باپیر – (١)خوشك لە داك وباب یان لە باب) :

مێرد	داك	باپیر	خوشك لە داك وباب یان لەباب	مساله
٢\١	٣\١	٦\١	٢\١	٦
٣	٢	١	٣	عول بۆ (٩)

لەم حالەتەدا هەرچەندە خوشکەکە نیوەی هەیە بەشەکەی خۆی کە (٣) بەشە لەگەل باشی باپیر کە (١) یەك بەشە کۆدەکرێتەوە دەبێ بە چوار بەش لەم چوار بەشە (٢) دوو بەشی بۆ باپیر دەبێ و (٣\١) بۆ خوشکەکە دەبێ وە مەخرەجی باپیر ٣\٢ و مەخرەجی خوشکەکە ٣\١ واتە مەسەلەکە(٣) جارانی مەسەلەی یەکەم (٩) دەکاتە (٢٧) بەم شێوەیە

مێرد	داك	باپیر	خوشك لە داك وباب یان لە باب	مساله

٢\١	٣\١	٦\١	٢\١	٦
٣	٢	١	٣	عول بۆ -٩-
٣*٣	٢*٣	١*٣	٣*٣	٩*٣=٢٧
٩	٦	٣	٩	
		٩+٣		
		٨ ١٢ ٤		

==

بەشی چوارەم

میراتی _ خنثی مشکل_

واتە نێرەموکی نادیار

ئەم جۆرە سێ حوکمی هەیە :-

١- ئەگەر هاتوو نێرە موکەکە میراتەکەی نەدەگۆرا چ نێربا یان مێ ئەوا بەشی میرا تگرەکانی تریش ناگۆرێ وەکو هەر مەسەلەیەکی ئاسایی شی دەکرێتەوە بۆ نمونە مردووەکە لە پاشی بەجێماوە (داك – برا لە داك وباب – نێرەموك لە داك) لەم حالەتەدا نێرەموکەکە چ نێر بێ یان مێ هەر شەش یەکی هەیە کەواتە داکەکەش شەش یەکی هەیە و براکەی لە داك وباب ماوەی هەیە و مەسەلەکە لە شەش دەردەچێ .

٢- ئەگەر هاتوو نێرەموکەکە خاوەن فەرز بێ واتە لەو فەرزانەی لە قورئان باس کراوە جا نێر بێ یان مێ بەلام بە فەرزێك دەگرێتەوە و بە فەرزێکی تر ناگرێتەوە ئەوا لەم حالەتەدا بەشی ئەو رادەگیرێ تا رۆن دەبێتەوە نێرە یان مێیە ، بۆ نمونە : پیاوێك مرد لە پاشی بە جێما (ژن – مام – برازایەکی نێرەموك) لێرەدا ژنەکە چاریەکی خۆی هەیە هیچ ئیشکال لە بە شی ژنەکە نیە، بەلام ماوەکە واتە (٣) بەش ماوە رادەگیرێ چونکە ئەگەر نێرەموکەکە کور نێر بێ ئەوا مامەکە بێ بەش دەبێ بەلام ئەگەر مێ بێ نێرەموکەکە بێ بەش دەبێ ماوەکە دەدرێ بە مامەکە بۆیە رادەگیرێ تا رۆن دەبێتەوە .

٣- ئەگەر نێرەموکەکە بەشەکەی دەگۆرا واتە ئەگەر نێر با جیاوازە لەگەل ئەوەی کە مێ با لەم حالەتەدا بەشی میراتگرەکانمی تریش دەگۆرێ بەلام لە هەردوو حالەتدا وا تەقدیر دەکرێ کە نێرە موکەکە مێیە ومیراتگرەکانی تر بەشی کەمیان دەدرێتێ تا رۆن دەبێەوە ، بۆنمونە لە مسالەدا (کور – منالێکی نێرەموك) لێرەدا ئەگەر بەدەرکەوت نێرەموکەکە کورە ئەوا نیوە بە نیوە ، وەئەگەر بەدەرکەوت کچە

ئەوا دوو بە یەکە بۆیە هەتا دەزانرێ دەبێ وا تەقدیر بکرێ نێرەموکەکە کچە وە کورەکە دوبوش دەبات و بەشێك بۆ نێرەموکەکە وە شەش یەك دەمینیتەوە رادەگیری ئەگەر بەدەرکەوت نێرە ماوەکە بۆخۆی دەگەریتەوە ئەگەرنا بۆ کورەکە دەبێ .

===

میراتی (بزربوو) — مفقود —

حوکمی ئەو کەسەی کە مفقودە(بزربووە) وادائەنرێ کە ماوە نەمردووە هەتا وەکو بەلگەیەك پەیادەبێ لەسەر مردنی بزربووەکە ، یان بریاری قازی شەرعی دەربچێ بەوە کە ماوەیەکی ئەوتۆی بەسەر چووە لە رۆژی وون بونیەوە تا ئێستا گومانی نەمانی لێ دەکرێ نەوەك زیندویی ئینجا وون بوو واتە مفقود (٣) سێ حوکمی هەیە:-

١) ئەگەر هاتو لە میراتگرانی مردوەکە کەسی وا هەبێ بێبەش نابێ بە بون و نەبونی وون بوەکە واتە زیندو بێ یان مردو بێ حوکمی ئەو میراتگرە ناگۆرێ ئەوا مەسەلەیەکی زۆر ئاساییەو هیچ حیساب بۆ مفقودەکە ناکرێ چونکە هەبون و نەبونی وەکو یەکە بۆ نمونە:- پیاوێك مرد لە پاشی بەجێما ((ژن،باب، کور، برایەکی مفقود)) ئەوا لەم حالەتەدامەسەلە لە (٢٤) دەبێ : ژنی مردوەکە چواریەکی هەیە (٣) بەش وە بابی مردوەکەشەش یەکی هەیە واتە(٤)بەش وە ماوەکە واتە (١٧) بەش بۆ کورەکە دەبێ چونکە عەسەبەیە بەلام برا مفقودەکە کە دەکاتە برای مردوەکە بێ بەشە چونکە مردوەکە هەم بابی ماوە هەم کوری واتە هەبێ و نەبێ هیچ لە مەسەلە ناگۆرێ .

نمونەیەکی تر:- ئەگەر هاتوو مردوەکە لە پاشی بەجێما ((ژن ، کور ، کورەکی مفقود)) واتە دوکوری هەیە یەکیان ئامادەیە ئەوەی تریان وون بوە ئەوا لەم حالەتەدا : ژنی مردووەکە هەشت یەکی هەیە وە ماوەکە دەکرێ بە دوبوشەوە نیوەی دەدرێ بەو کورەی کە ئامادەیە و نیوەکەی تر رادەگیرێ جا ئەگەر هاتوو وون بوەکە هاتەوە و زیندو بوو ئەوا نیوەکە هی ئەوە ئەگەر بەدەرکەوت مردووە ئەوا بۆ کورەکە واتە براکەی کە ماوە دەگەرێتەوە

٢) ئەگەر کەسی وا لە میراتگرەکان هەبوو بێ بەش دەبو بە مانی وون بوەکە ئەوا میراتەکەی رادەگیرێ تا حالی وون بوو رۆن دەبێتەوە بۆ نمونە مردوەکە کورێکی مفقودی لەپاش بەجێماوە لەگەل مامەکی ئەوا میراتەکە نادرێ بەو مامە هەتا حالی وون بووەکە رۆن دەبێتەوە.نمونەیەکی تر :- مردوەکە لەپاشی بەجێماوە ((دوو کچ و کچەکی کوری وکورەکی کور)) کورەکەی کوری مفقودە لەم حالەتەدا دوو کچەکە (٣/٢) دوسێیەکی میراتیان هەیە بەشێك دەمێنێتەوە رادەگیرێ جا ئەگەر هاتوو مفقودەکە مابوو ئەوا لەم بەشەی ماوەتەوە کچی کور لەگەل کوری کور وەری دەگرن بۆوان دەبێ بەلام ئەگەر کوری کور نەمابوو مردبوو ئەوا بۆ دوکچەکە دەگەرێتەوە و کچی کور بێ بەش دەبێ .

٣- ئەگەر میراتگرەکان بە مانەوەی وون بووەکە بەشیان دەگۆڕا یان بە نەمانی ئەوا لەم حالەتەدا میراتەکە بەتەواوی دابەش ناکرێ بەڵکو لەبەر ئیحتیات هەندێك لە میراتەکە رادەگیرێ تا حالی مفقودەکە رۆن دەبێتەوە بۆ نمونە کەسێك مرد لە پاشی بەجێما داك و برایەکی مفقود و برایەکی ئامادە واتە حازرە جا لێرەدا ئەگەر مفقودەکە مابێ داکەکە شەش یەکی بەردەکەوێ بەلام ئەگەر نەمابێ داکەکە سێیەکی بەردەکەوێ وەك لەسەرەتا لە باسی میراتی دایك باسمان کردوە جا بۆیە لە روی ئیحتیاتەوە شەش یەك بۆ دایکەکە دا ئەنێن و مەسەلەکە لە (٦) بێت جا لەم شەشە (١) بەش بۆ دایك و(٢) بەش بۆ برا حازرەکە وە (٣) بەش رادەگیرێ وەکو ئیحتیات جا ئەگەر هاتو مفقودەکە مابوو ئەوا دایکەکە بەشی هەر وەك خۆی دەمێنێتەوە و نیوەی بەش بۆ برا حازرەکە دەگەرێتنەوە واتە هەربراو دوبەش و نیو بەلام ئەگەر هاتوو رۆن بۆوە کە مفقود مردووە لەم حالەتەدا لەو سێ بەشە راگیراوە بەشێك بۆ دایکەکە دەگەرێندرێتەوە و دووبەشەکەی تر بۆ برا حازرەکە.

میراتی حەمل

واتە ئەگەر هاتوو ئافرەتێك دووگیان بوو مێردەکەی مردئەوا لەروی ئیحتیاتەوە هەشت یەك دەدرێ بە ئافرەتەکە جا ئەگەر منالەکە بە زیندویی بوو ئەوا دایکەکە هەشت یەکی خۆی وەرگرتوە وە ئەگەر بە مردوویی بوو ئەوا دایکەکە دەبێ چواریەکی پێ بدرێ واتە بەشێکی تریشی بۆ زیاد دەکرێ ، ئینجا ئەگەر منالەکە بە زیندوویی بو کور بوو هیچ میراتگری تریشی نەبوو ئەوات حەوت بەشەکەی پاشی دایکی بۆ کورەکەیە وە ئەگەر کچ بوو ئەوا نیوەی میرات بۆ کچەکەیە ئەوەی ماوە هەر بۆ کچەکە دەگەرلایێتەوە بە رەد .نمونە ((پیاوێك مرد لەپاشی بە جێما ژنێکی حاملە، باب، داك))

لێرەدا مەسەلەکە لە (٢٤) چونکە ئیحتیات وەردەگرین کە منالەکە زیندوە وموجودە وە مەسەلەکە عەول دەبێ بۆ(٢٧) ئینجا هەشت یەك بۆ ژنەکە ((٣) بەش وە هەریەك لە داك وباب شەش یەك (٤) بەش بۆ هەریەکەیان وە (١٦) بەش دەمێنێتەوە رادەگیرێ ئەگەر هاتو حەملەکە بە زیندویی بوو کور بوو ئەوا ماوە بۆ کورەکە دەبێ ، وە ئەگەر کچ بوو ئەوا نیوەی میراتی بۆ دەبێ و ماوەکەی پاش کچەکە بۆ بابەکە دەگەرێتەوە وە ئەگەر حەملەکە نەبوو ئەوا دەبێ بەمەسەلەی (غراوین) واتە چواریەك بۆ ژنەکە و سێیەکی پاش ژنەکە بۆ داکەکەو ماوە بۆ بابەکە.

میراتی خنكاو

(الغرقى)

ئەگەر هاتوو دوو كەس یان زیاتر میراتگری یەكتر بن وەكو دوبرا یان باب و كور یان ژن و مێرد ... بەیەكەوە مردن بەهۆی سوتان یان خنكان یان روداو ....هتد وە نەزانرا كە كامەیان پێش ئەوەی تر مردووە و گیانی لەدەست داوە ئەوا دو مردووەكە میرات لە یەك ناگرنەوەو میراتی هەریەكەیان بۆ میراتگری خۆی دەبێ بۆ نمونە :-

دوو برا لە داك وباب بەیەكەوە (خنكان) وە نەزانرا كامیان پێش ئەوەی تر گیانی لەدەست داوە وە یەك لە براكان ژن وكچەك و مامەكی لە پاش بە جێماوە و ئەوەی تر تەنها كچێك و هەمان ئەو مامەی جاری یەكەم باس كراوە جا میراتەكە بەم جۆرەدەبێ :-

ژن	(١) كچ	مام
٨/١	٢/١	ع
١	٤	٣

(١) كچ	مام
٢/١	ع
١	١

هیچ یەك لە براكان نابن بە میراتگری یەكتر بەلكو هەریەكەو میراتەكەی بۆ وەرەسەكانی خۆیەتی وە مامەكە لەهەردوبرا میراتی وەرگرتوە چونكە عەسەبەیە .



==

بەشی ثێنجەم
ئەصلی مەسئەلە:

ئەوەی كۆی زانایانی لەسەرە لە ئەسلی مەسەلەی میرات تەنها حەوت ئەسل هەن كە بریتین لە ((٢ ، ٣ ، ٤ ، ٦ ، ٨ ، ١٢ ، ٢٤)) وا لە خوارەوەش ان شاو الله یەكە بەیەكە ڕۆنیان دەكەینەوە .

(١) ئەسلی مساله (٦):-

لەم حالەتانەی خوارەوە مەسەلە لەشەش دەبێت :-

١- ئەگەر لەمەسەلەدا (٦/١) و ماوە هەبێ وەكو (داك ، باب، كور) .

٢- ئەگەر لە مەسەلەدا (٦/١) و(٢/١) هەبێ : وەكو ((داك ، (١) كچ ، مام)) .

٣- ئەگەر لە مەسەلەدا (٦/١) و(٣/١) هەبێ وەكو: ((داك ، برا لە داك ، مام)) .

٤- ئەگەر لە مەسەلەدا (٦/١) و (٣/٢) هەبێ وەكو: ((داك ، (٢) كچ ، مام)) .

٥- ئەگەر لە مەسەلەدا (٢/١) و (٣/١) هەبێ وەكو: ((مێرد، داك، مام)) .

(٢) ئەسلی مەسەلە(١٢):-

لەم حالەتانەدا مەسەلە لە دوازدە دەبێ :-

١- ئەگەر لە مەسەلەدا (٤/١) و(٦/١) هەبێ وەكو:- ((مێرد، داك، كور))

٢- ئەگەر لە مەسەلەدا (٤/١) و(٣/١) هەبێ وەكو ((ژن ، داك ، مام))

٣- ئەگەر لە مەسەلەدا(١/ ٤) و (٣/٢) هەبێ وەكو ((مێرد، (٢) كچ ، مام))

(٣) ئەسلی مەسەلە(٢٤):-

ئەگەر لە مەسەلەدا (٨/١) و(٦/١) هەبێ وەكوو((ژن، داك ، كور)) .

(٤) ئەسلی مەسەلە (٢) :-

ئەگەر هاتوو لەمەسەلەدا (٢/١) و ماوە هەبێ . وەكو((مێرد، مام))

(٥) ئەسلی مەسەلە (٣) :-

لە سێ حالەت دا :-

١- ئەگەر (٣/١) و ماوە هەبێ وەکو((داك ، مام))

٢- ئەگەر (٣/٢) و ماوە هەبێ وەکو (((٢) کچ ، مام))

٣- ئەگەر (٣/١) و (٣/٢) هەبێ وەکو(((٢) خوشك لەباب ، (٢) خوشك لە داك))

(٦) ئەسلی مەسەلە (٤):-

لەدوحالەت مەسەلە لە (٤) دەبێ:-

١- ئەگەر (٤/١) و ماوە هەبێ وەکو((مێرد، کور)) .

٢- ئەگەر (٤/١) و (٢/١) هەبێ وەکو((مێرد، (١) کچ ، مام)) .

(٧) ئەسلی مەسەلە (٨) :-

لە دوحالەت دا مەسەلە لەهەشت دەردەچێ :-

١- ئەگەر (٨/١) وماوە هەبێ وەکو((ژن ، کور)) .

٢- ئەگەر (٨/١) و (٢/١) هەبێ وەکو((ژن، ﴿١﴾ کچ، مام))

==

بەرزبونەوەی مەسەلە

(العول)

مانای عەول واتە زیاد بون لە ئەسلی مەسەلەو وکەم بونە لەبەشی میرات گران . وە هەمو ئەسلێك کە لەوانەی باسمان کرد عەولی تێدا نیە تەنها (٣) سێ ئەسل عەول دەکرێن کە بریتین لە (٦، ١٢، ٢٤) . واتە ئەوانەی عەولی تێدا نیە چوارن (٢،٣،٤،٨) . ئیستاش ان شاو الله تعالی باس لەو مەسەلانە دەکەیەن کە عەولیان تێدایەو وە چەند جار عەول دەکرێن .

عەولی مەسەلە(٦) :- ئەسلی مەسەلە (٦) چوار جار عەول دەبێ :-

١- عەولی (٦) بۆ(٧) وەکو((مێرد، ﴿٢﴾خوشك لە داك وباب)) .

٢- عەولی (٦) بۆ(٨) وەکو((مێرد، داك ، ﴿٢﴾ خوشك لە داك وباب)) .

٣- عەولی(٦) بۆ(٩) وەکو ((مێرد، ﴿٢﴾ خوشك لە داك وباب ، ﴿٢﴾ خوشك لە داك))

٤- عەولی (٦) بۆ (١٠) وەکو: ((مێرد، ﴿٢﴾ خوشك لە داك وباب ، ﴿٢﴾ خوشك لە داك ، داك)) .

عەولی ئەسلی مەسەلە (١٢):-

ئەسلی مەسەلە (١٢) سێ جار عەولی تێدایە :-

١- عەولی (١٢) بۆ (١٣) وەكو((ژن، ﴿٢﴾ خوشك لە داك وباب ، ﴿١﴾ خوشك لە داك)) .

٢- عەولی (١٢) بۆ (١٥) وەكو((ژن، ﴿٢﴾ خوشك لە داك وباب ، ﴿٢﴾ خوشك لە داك)) .

٣- عەولی (١٢) بۆ (١٧) وەكو((ژن، ﴿٢﴾ خوشك لە داك وباب ، ﴿٢﴾ برا لەداك، داك)) .

عەولی مەسەلە (٢٤) :- تەنها یەكجار عەول دەكرێ ئەویش بۆ (٢٧) وەكو((ژن، ﴿٢﴾ كچ، باب، داك)) .

==

یاسای دەرهێنانی مەسەلە

بۆ ئەوەی بزانی ئەسلی هەر مەسەلەیەك چەندە وەیان چۆن زانیت ئەسلی مەسەلە لەو ژمارەیە ئەوا بەهۆی ئەم خالانەی خوارەوە دەتوانی دەری بهێنی :-

١- تماپل:- واتە ئەگەر هاتوو مەخرەجی فەرزەكان وەكو یەك بون وەكو هەبونی دو (٦/١) ئەوا تەنها یەك (٦) وەردەگرین و دەیكەین بە ئەسلی مەسەلە چونكە وەكو یەكن. وەكو(باب،داك، كور)

٢- تداخل :- واتە ئەگەر یەك لە مەخرەجەكان گەورەتربوو لە ئەوەی تر وە ژمارە بچوكەكە دەچوە ناو ژمارە گەورەكە وەكو (٦) لەگەل (٣) ئەوا گەورەكە دەكەین بە ئەسلی مسالە وەكو((داك، ﴿٢﴾ برا لە داك، خوشك لە باب)) .

هەروەها وەكو (٨) لەگەل (٢) لە نمونەی ((ژن، ﴿١﴾ كچ، مام)) ئەوا ئەسلی مەسەلەكە (٨) دەبێ .

٣- توافق:- واتە لە نێوان مەخرەجەكان ژمارەیك هەبێ كە تێدا رێك بكەون واتە موافق بن واتە نیوەیان هەبێ یان چاریەك .... بۆنمونە ئەگەر (٨) و(٦) هەبێ ئەوا هەردو ژمارە موافقن لە نیوە واتە(٦) نیوەی هەیە واتە(٣) وە (٨) نیوەی هەیە واتە(٤) ئینجا لەم حالەتەدا نیوەی یەكیان جارانی تەواوی ئەوی تریان دەكەی واتە (٣×٨)دەكاتە (٢٤) یان (٤×٦) هەردەكاتەوە (٢٤) . بۆیە بیست وچارەكە دەكەین بە ئەسلی مساە وەكو لەنمونەی((داك،ژن،﴿١﴾كچ ،مام)).

٤- تباین: واتە مەخرەجەكان وەكو سێ خالەكەی سەرەوە نین واتە ئەگەر هاتو (٤) و(٣) هەبێ ئەوا تەواوی یەكیان جارانی تەواوی ئەوەی تریان دەكەیت ئەنجامەكە دەبێ بە ئەسلی مەسەلە وات (٣×٤) دەكاتە (١٢) . وەكو((ژن،داك،مام)) .

بەشی شەشەم

تصحيح المسائل(چاكردنەوەی مەسەلە)

ئەگەر هاتوو ئەسلی مەسەلە بەسەر خاوەن بەشەكان دابەش كراو لە نێوان بەشەكان و خاوەن بەشەكان كەرت(كەسر) نەبێ ئەوا ئەو مەسەلەیە هیچ تصحیحی ناوێ بۆنمونە ئەگەر مەسەلەكە عەولی تێدا نەبێ وەكو:- (٣ژن-داك-٥مام) لێرەدا مەسەلەكەمان لە (١٢) دەبێ بەهەرسێ ژنەكە(٣) بەش واتە هەرژنی بەشێك، وە داكەكە (٤) بەش وە پێنج مامەكە ماوەیان هەیە عەسەبەنە (٥) پێنج بەشیان هەیە هەر مامی بەشێك. ئەوجارەیان ئەگەر لە مەسەلەدا عەول هەبێ وەكو ئەم نمونەیە:

٣ژن	٢داپیر	٤خوشك لە داك	٨ خوشك لە باب	مسالە
٤/١	٦/١	٣/١	٣/٢	١٢
٣	٢	٤	٨	عەول بۆ ﴿١٧﴾

لەم مەسەلەیەدا هیچ كێشە نیەو دابەشەكە بێ كەرتە .

بەلام ئەگەرهاتوو بەشەكان بەسەر خاوەنەكانیان دابەش نەدەبون واتە كەرت دەردەچو لەم حالەتەدا :

١- چەند خاوەن فەرز هەن بەلام یەك لە خاوەن فەرزەكان بەشەكەیان بە كەرت دەردەچێ لێرەدا دەبێ رەچاوی نێوان ژمارەی بەشەكان (سەهمەكان) وە نێوان ژمارەی سەرەكان كە بەسەریان دابەش نابێ چیە؟ واتە ئەگەر لە نێوان بەشەكان و سەرەكان تباین بوو وەكو (٣،٤) ئەوا لەم حالەتە دەبێ ژمارەی سەرەكان جارانی ئەسلی مەسەلە بكەین وە ئەگەر عەولی تێدابێ جارانی عەولەكە دەكەین.بۆ نمونە:-

داك	باب	٣ كور	مسالە	تصحيح
٦/١	٦/١	ماوە(ع)	٦	٦*٣
١	١	٤		١٨

١*٣=٣ ١*٣=٣ ٤*٣=١٢ (هەر كوری ﴿٤﴾ بەش .

ئەم جارەیان ئەگەر لە نێوان بەشەكان و سەرەكان (توافق) هەبێ ئەوا ویفقی جارانی مەسەلەكە دەكرێ واتە ئەگەر لە نێوان دوژمارەكە نیوە هەبێ نیوە جاران دەكەین یان چاریەك هەبێ ئەوا چواریەكەكەی جارانی مەسەلە دەكەین بۆنمونە لە مەسەلەدا (٤،٢) هەبێ لێرەدا دو نیوەی چوارە كەواتە دوەكە جارانی مەسەلەكە دەكەین وەكو ئەم نمونەیە:-

مێرد	داپیر	٤مام	مسالە	تصحيح
٢/١	٦/١	ماوە(ع)	٦	٦*٢=١٢
٣	١	٢		

٣★٢=٦   ١★٢=٢   ٢★٢=٤

٢- ئەگەر هاتوو ئەمجارەیان میراتەکە بەکەرت دەردەچێ وە ئەوانەی بەسەریان دا دابەش ناکرێ دو پۆلن یان سێ یان چوار (زیاترمان نیە) جا لەم حالەتەدا بەهەمان شێوە یەکەمجار سەیری بەشەککان و < مارەی سەری ئەوانەی بەسەریاندا دابەش ناکرێن چ شتێك هەیە ، هەروەها لە نێوان خاوەن بەشەکان خۆیان چ جۆرێکن ؟ئایا توافقە یان تباینە یان... :-

ئەگەر هاتوو تماپل بوو ئەوا وەکو ئەم نمونەیە (داك – ٥ برا لە داك – ٥ مام)

داك	٥برا لەداك	٥مام	مساله	تصحيح
٦/١	٣/١	ع(ماوە)	٦	٦★٥ = ٣٠
١	٢	٣		
١★٥	٢★٥	٣★٥		
٥	١٠	١٥		

کەسەیری نێوان ژمارەی براکان و مامەکان دەکەین هەردوپۆل ژمارەیان (٥) پێنجە وە (٢) دابەشی پێنج برا نابێ و (٣) دابەشی (٥) مام نابێ کەواتە لە دوو (٥) پێنجەکە تەنها یەك (٥) جارانی ئەسلی مەسەلەکە دەکەین (٥★٦) مەسەلە دەبێ بە(٣٠) سیی وە بەشەکانیش بەهەمان شێوە جارانی پێنج دەکەین ئەوا بەبێ کەرت دەردەچێ .

ئەمجارە ئەگەر هاتوو تداخل هەبوو ئەوا کام ژمارە لە ژمارەی سەرەکان (خاوەن بەشەکان) لە هەموی گەورەترە جارانی ئەسلی مەسەلەوبەشەکان دەکەین بۆنمونە :-

داك	٤برا لە داك	٤مام	مساله	تصحيح
٦/١	٣/١	ماوە	٦	٦★٤
١	٢	٣		٢٤
١★٤	٢★٤	٣★٤		
٤	٨	١٢		

لێرەدا لە نێوان بەشی براکان کە (٢) وە ژمارەی براکان کە (٤) توافق هەیە بە نیوە واتە نیوەی (٤) = بە (٢) وە لە نێوان ژمارەی مامەکان(٤) ونیوەی براکان (٢) تداخل هەیە چوارەکە گەورەترە جارانی ئەسلی مەسەلەو بەشەکان دەکەین.بێ کەرت دەردەچێ .

ئەمجارەیان ئەگەرهاتوو توافق هەبێ ئەوا وفقەکەی وەردەگرین جارانی مەسەلە و بەشەکان دەکەین بۆ نمونە :-

داك	١٥برا لەداك	١٠ مام	مسالە	تصحيح
٦/١	٣/١	ماوە	٦	٣٠★٦
١	٢	٣		١٨٠
٣٠★١	٣٠★٢	٣٠★٣		
٣٠	٦٠	٩٠		

لە نیوان (١٥) لەگەل (١٠) تەوفق هەیە بە پێنج یەك واتە هەردووژمارە دابەشی سەر پێنج دەبن :کەواتە پازدە دابەش پێنج دەکاتە (٣) ، وە دە دابەش بەسەر پێنج دەکاتە (٢) کەواتە یان (٣★١٠) یان (٢★١٥) دەکەین کە هەرکامیان بی ئەنجامەکەی (٣٠) یە ئینجا ئەو سیە جارانی مەسەلەو بەشەکان بکە مەسەلەکە لە (١٨٠) بێ کەرت دەردەچێ .

ئەمجارەیان ئەگەر لە نێوان ژمارەی خاوەن فەرزەکان تباین هەبێ ئەوا تەواوی ژمارەی پۆلێك کەبەسەریان دابەش نابێ جارانی تەواوی ژمارەی پۆلی دوەم کەبەسەریان دابەش نابێ ئینجا ئەنجامەکە جارانی ئەسلی مەسەلەو بەشەکان دەکەین .

داك	٣برا لە داك	٢مام	مسالە	تصحيح
٦/١	٣/١	ماوە	٦	٦★٦
١	٢	٣		
٦★١	٦★٢	٦★٣		
٦	١٢	١٨		٣٦

لە نێوان ژمارەی براکان (٣) لەگەل ژمارەی مامەکان(٢) تباین هەیە کەواتە تەواوی ژمارەی براکان (٣) جارانی تەواوی ژمارەی مامەکان(٢) دەکاتە (٦) جارانی (٦) ئەسلی مەسەلەکە دەبێ بە (٣٦) .

بەشی حەوتەم
(الرد) رەت کردنەوەی میرات

پێناسەی رەد:- واتە کەم بوونە لە مەسالە و زیادبونە لە بەشی میرات گران .

مەرجەکانی رەت کردنەوەی ماوە:-

١- دەبێ خاوەن بەش هەبێ لە مەسەلە جگە لە ژن و مێرد .

٢- ماوە بمێنێتەوە پاش خاوەن بەشەکان .

٣- نابێ عەسەبە هەبێ لە مسەلە .

تێبینی:- رەت کردنەوە بۆ ژن و مێرد نابێ واتە تەنها بەشی دیاری کراوی خۆیان وەردەگرن زیاتر نا.

حالەتەکانی رەت کردرنەوە:-

تەنها دوحالەت هەیە:- (١) ئەگەر هاتو لە مەسەلەکەدا ژن و مێرد نەبێ (٢) ئەگەر ژن و مێرد لە مەسەلەکە هەبێت.

حالەتی یەکەم:- ئەگەر لە مەسەلەی رەت کردنەوە ژن و مێرد نەبێ .

ئەم حالەتەش کراوە بە سێ بەش :-

١- ئەگەرهاتوو ئەو خاوەن بەش کە ماوەی رەت دەکرێتەوە سەری یەك کەس بێ ئەوا میراتەکە هەموی بۆ ئەوە بە بەش و رەت بۆ نمونە:

(١)کچ	مسالە
١/٢	٢

١ + ماوە (١) بەرەت = ٢

کەواتە نیوەی میراتەکەی بە بەشی دیاری کراوی خۆی وەرگرت و ئەوەی تر بە رەت کردنەوە .

٢- ئەگەر هاتوو ئەوانەی بەسەریاندا رەت دەکرێنەوە لەیەك میراتگر زیاتر بن :-بۆ نمونە

(٥)کچ	مسالە
٢/٣	٣

٢ + ماوە (١) بەرەت کردنەوە بۆ سەر هەر پێنج کچ وەکو یەك دابەش دەکرێ =٣ ئینجا تچحیحی دەکەین (٥*٣) = ١٥ بۆ هەر کچ (٣) بەش .

٣- ئەگەرهاتو ئەوانەی بەسەریاندا رەت دەکرێتەوە دوپۆلی جیاواز بون ئەوا ئەسلی مەسەلەی رەت لە کۆی ژمارەی بەشەکانیان دەبێ بۆنمونە:-

داك	(١)خوشك لە داك وباب	(٢) خوشك لەباب	مسالە	تصحيح	
١/٦	١/٢	١/٦	٦	٦★٢	
١ ★٢	٣ ★٢	١ ★٢	ماوە(١)		١٢
٢	٦	٢	٢		

پاش ئەوەی مەسەلەکەمان تصحيح کردلە (١٢) بەش (٢) بەش ماوە زيادی کرد وە لەبەرئەوە ميراتگرەکان هەمويان خاوەن بەشن کەوتە بۆ هەمويان دەگەرێتەوە بەم جۆرە رەت دەکەينەوە :-

کۆی بەشەکانيان(٢+٦+٢ =١٠) کەواتە مەسەلەی رەت بو بە (١٠) ماوەکە دەکەين بە (١٠) بەش بەم شێوەيە

داك	(١)خوشك لە داك وباب	(٢) خوشك لەباب	مسالە
٢	٦	٢	١٠

حالەتی دووەم:- ئەگەر لە مەسەلەدا ژن و مێرد هەبن ،پاش ئەوەی بەشی ژنەکە يان مێردەکە لە مەسەلە دياری کرا ئينجا مەسەلەی رەت هەرهەمان ئەسلی مەسەلەی ژن و مێردەکە دەبێ واتە مەسەلە يان لە (٢) يان لە(٤) يان لە (٨) دەبێ ئەمەش کراوە بە سێ بەش :

١- ئەگەر هاتوو ئەوکەسەی ماوەکەی بەسەری دا رەت دەکرێتەوە يەك بێت ئەوا پاش بەشی ژنەکە يان مێردەکە ماوەکە دەبات بۆنمونە :-

ژن	کچ	مسالە
١/٨	١/٢	٨

١ ٤ ماوە (٣) بۆ کچەکە دەگەرێتەوە دەبێ بە (٧) بەش .

٢- ئەگەر هاتوو ئەو کەسەی بەسەری دا رەت دەکرێتەوە لە يەك زياتر بن بەلام هەمان پۆل بن ئەوا ماوەکە بەيەکسانی بەسەرياندا دابەش دەکرێت پاش بەشی ژنەکە يان مێردەکە بۆ نمونە:-

مێرد	(٣) کچ	مسالە
١/٤	٢/٣	٤

١ ٢ ماوە(١) رەت دەکرێتەوە بۆسەر هەرسێ کچەکە واتە دەبێ بە (٣) هەريەکەو (١) بەش .

نمونە ئەگەر هاتوو لە مەسەلەدا تباين هەبوو پێويستی بە تصحيح هەبێ :

ژن	(٣) کچ	مسالە	تصحيح
١/٨	٢/٣	٨	٣★٨
٣★١	٧	بەفەرزو رەد	٢٤
٣	٧★٣=٢١	بۆ هەر کچێك(٧) بەش .	

٣- ئەگەر هاتوو ئەوانەی بەسەرياندا رەت دەکرێتەوە لە پۆلێك زياتر بوون :

أ// ئەگەر تصحيحی نەوێ یان ماوە دابەش دەکرا بێ رەت کردنەوە وەکو:

ژن	داك	(٢) برا له داك	مساله
١/٤	١/٦	١/٣	٤
١	١	٢	

ب// ئەگەر ماوەکە بەکەرت دەرچوو لە نێوان بەسەر رەتکراوەکان :-

١- ئەگەر تباين هەبوو لە نێـان هـەردو مەسـەلەی ئەسلی ورەت ئـەوا لـەم حالەتـەدا ئەسلی مەسـەلەی دوەم جارانی بەشەکانی میراتگرانی مەسەلەی یەکەم بکە : بۆنمونە:

ژن	(١) خوشك له داك وباب	(١) خوشك له باب	مساله
١/٤	١/٢	١/٦	٤

١ مـاوە (٣) پـاش بەشـی ژنەکـە بـەلام لەبـەر ئـەوەی (٣) دابەشـی سـەر (١/٢) وە (١/٦) نـابێ بۆیـە مەسـەلەیەکی رەتکردنـەوە دروسـت دەکـەوین کـە (٢+١+١=٤) ئەسـلی مەسـەلەی رەتکردنەوەیـە ئینجا ئـەو ئەسلە مەسـەلەی دوەم کـە (٤) جارانی مەسـەلەی یەکـەم کـە ئـەویش هـەر (٤) ئەوا ئەنجام (٤×٤=١٦) بەم شێوەی خوارەوە دەردەچێ :-

ژن	(١) خوشك له داك وباب	(١) خوشك له باب	مساله
١/٤	١/٢	١/٦	٤ ★٤
٤★١	٤★٣		١٦
٤	٩ (١٢)	٣	

٢) ئەگەر تماثل هەبێ ئەوا مەسەلەی یەکەم هەر هەمان مەسەلەی دوەمی لێ دەردەچێ :-

ژن	داك	(٢)خوشك له داك	مەسەلەی ئەسلی	مەسەلەی رەت	هەردوو مساله
١/٤	١/٦	١/٣	٤	٣	٤
١	٣			١	
٠	١	٢			
١	١	٢			
١	٢	٤			

والله تعالى العلم بالصواب

بەشی هەشتەمین

المناسخات

ئەگەر هاتوو یەکێك مرد هێشتا میراتەکەی بەش نەکرابوو یەکێکی تر لە میراتگرەکانی مردوی یەکە مرد تا بتوانین ئەم جۆرە میراتە بەش بکەین پێویستیمان بەم خالانەی خوارەوە هەیە :

- **مەسەلەیەك دروست دەکەین بۆ مردوە یەکەم بەشێوەیەکی ئاسایی وەك لە پێشتر باس کراوە کە مردوی دوەم بە زیندو دائەنرێ و بەشەکان بەشێوەی ئاسایی بەش دەکرێ .**
- **ئەگەر تصحیحی دەوێت پێویستە تصحیحی بکەین.**
- **مەسەلەیەکی تر دروست دەکەین بۆ مردوی دووەم و دیاری کردنی بەشی میراتگرانی مردوی دوەم**
- **ئەگەر تصحیحی پێویستە بیکە.**
- **سەیری ئەسلی مەسەلەی مردوی دوەم بکە لەگەل بەشەکەی لە مردوی یەکەم بزانە چ پەیوەندیەکیان هەیە واتە توافقە ، تداخلە، تباینە .... .**
- **ئەگەر مەسەلەی مردوی دوەم لەگەل بەشەکەی لە مردوی یەکەم –تماثل – بێ ئەوا هیچ گۆرانکاری ئەوتۆی نابێ واتە هەرهەمان بەشەکەی کە لە مردوی یەکەمی وەرگرتوە بیکە بە ئەسلی مەسەلەی دوەم .**
- **ئەگەر توافق بوون ئەوا وفقی مەسەلەی مردوی دوەم لە تەواوی مەسەلەوبەشەکانی میراتگرانی مردوی یەکەم جاران دەکرێ بۆ ئەو میراتگرانەی کە لەهەردو مردوو میراتگرن ئینجا وفقی بەشی مردوی دوەم لەیەکە جارانی بەشی میراتگرانی دوەم بکە.**
- **ئەگەر تباین بوو ئەوا تەواوی مەسەلەی مردوی دوەم جارانی تەواوی مەسەلەی مردوی یەکەم لەگەل بەشەکانی میراتگرانی مردوی یەکەم دەکرێ بۆ ئەو میراتگرانەی کە لەهەردو مردوو میراتگرن ئینجا تەواوی بەشی مردوی دوەم لەیەکەم جارانی تەواوی میراتگرانی مردووی دوەم بکە. .**

نمونەی تماثل ژنێك مرد لە پاشی بەجێما (مێرد- داك – مام) پێش ئەوەی میراتەکە بەش بکرێ مێردەکە مرد لە پاشی بە جێما (٣) کور.

بەپێی خالەکانی رابردو ئەم نمونەیە شی دەکەینەوە:-

١- دانانی مەسەلەیك بۆ مردوی یەکەم : کە مردوەکگە ژنەو لەپاشی بە جێماوە :

مێرد	داك	مام	مساله
١/٢	١/٣	ع	٦
٣	٢	١	

٢- مەسەلەکە دروستەو تصحیحی ناوێ .

٣- مەسەلەی مردوی دوەم دادەنێین:کە مردوەکە مێردەکەیەو سێ کوری لە پاش بە جێماوە :

(٣) کور	مساله
٣	٣

٤- تصحیحی ناویٚ .

٥- ئەسلی مەسەلەی مردوی دوەم بریتی یە لە (٣) وە بەشەکی مردوی دوەم لە مردوی یەکەم (٣) بەشە کەواتە هیچ کێشە نیە دەدریٚ بە سیٚ کورەکە.

نمونە(٢) ژنێك مرد لە پاشی بە جێما مێرد و(٢) خوشك لە باب پێش ئەوەی میراتەکە بەش بکریٚ خوشك﴿ك لەم خوشکانە مرد لە پاشی بە جێما ﴿(١) کچ، و ئەو خوشکەی لەباب کە پێشتر باس کراوە ﴾

مەسەلەی مردوی یەکەم:-

مێرد	(٢) خوشك لەباب	مساله
١/٢	٢/٣	٦
٣	٤	عەولە بۆ (٧)

پێویستی بە تصحیح نیە بۆیە مەسەلەی مردوی دوەم دادەنێین:-

(١) کچ	(١) خوشك لەباب	مساله
١/٢	ع	٢
١	١	

سەیری ئەسلی مەسەلەی مردوی دوەم بکە لەگەل بەشەکەی لە مردوی یەکەم تەماشا دەکەین (٢) کەواتە هیچ کێشەیەکی تێدانیە کچەکە نیوەی میراتی هەیە وە خوشکەکەی لەباب دوجار میرات وەردەگریٚ لە مردوی یەکەم (٢) بەش وە لەمردوی دوەم (١) بەش کەواتە بەهەردوجار (٣) بەشی هەیە .

نمونە: ئەمجارە ئەگەر مەسەلەکە توافق بێت .

ژنێك مرد لە پاشی بە جێما ﴿ مێرد ، داك ، مام ﴾ پێش بەش کردنی میراتەکە مێردەکە مرد لەپاشی بەجێما ﴿ داك ، (٢) برا لەداك ، (١) برا لەباب﴾

مەسەلەی مردوی یەکەم :

مێرد	داك	مام	مساله
١/٢	١/٣	ع	٦
٣	٢	١	

لەبەر ئەوەی تەصحیحی ناویٚ مەسەلەی مردوی دوەم دەنوسین:-

داك	(٢) براله داك	(١) برا لەباب	مساله

١/٦	١/٣	ع	٦
١	٢	٣	

لە نێوان مەسلەی مردوی دوەم کە ﴿٦﴾ و بەشەکەی لە مردوی یەکەم ﴿٣﴾یە توافق هەیە بە سێیەك کەواتە سێیەکی (٦) =٢ ، ئەم دوە جارانی مەسەلەو بەشەکانی میراتگرانی مردوی یەکەم دەکەین

مێرد	داك	مام	مساله
١/٢	١/٣	ع	٦
٣	٢	١	٢×٦
٢×٣	٢×٢	٢×١	١٢
٦	٤	٢	

ئینجا دەبی سێیەکی بەشی مردوی دوەم لە مردوی یەکەم جارانی بەشی میراتگرانی مردوی دوەم بکە بەلام لەبەر ئەوەی بەشی مردوی دوەم لە یەکە (٣) یە و سێیەکی (٣) =١ هەروەکو خۆی دەردەچێ .

نمونە: ئەگەر تباین هەبێ :-

ژنێك مرد لە پاشی بەجێما ﴿ مێرد ، داك ، مام ﴾ ئینجا مێردەکە مرد لە پاشی بە جێما ((١) کچ ، (٥) برا لە داك وباب)

مەسەلەی مردوی یەکەم :

مێرد	داك	مام	مساله
١/٢	١/٣	ع	٦
٣	٢	١	

مەسەلەی مردوی دوەم:-

(١)کچ	(٥) برا لە داك وباب	مساله	تصحيح
١/٢	ع	٢	٥×٢
١	١		١٠
٥×١ =٥	٥×١ =٥		

لەنێوان مەسەلەی مردوی دوەم کە﴿١٠﴾ لەگەل بەشەکەی لە مردوی یەکەم کە ﴿٣﴾ تباین هەیە بۆیە دەبێ تەواوی ئەسلی مەسەلەی دوەم جارانی ئەسلی مەسەلەو بەشی میراتگرانی مردوی یەکەم بکەین :

مێرد	داك	مام	مساله
١/٢	١/٣	ع	٦ ×١٠

٣	٢	١
١٠*٣	١٠*٢	١٠*١
٣٠	٢٠	١٠

ئینجا تەواوی بەشی مردوی دوەم لە مردوی یەکەم کە ﴿٣﴾ جارانی بەشی میراتگرانی مەسەلەی دوەم بکە:-

(١)کچ	(٥) برا لە داك وباب	مساله	تصحيح
١/٢	ع	٢	٥*٢
١	١		١٠
٥*١ =٥	٥*١ =٥		
٥*٣ =١٥	٥*٣= ١٥		

والله تعالى اعلم بالصواب

بەشی نۆیەم

میراتی -ذو الارحام-

ئەم پۆلە لە میراتگران ئەو کات میراتیان بەر دەکەوێ ئەگەر :

١- نابێ خاوەن بەش و عەسەبە هەبن جگە لە ژن و مێرد.

٢- بيت المال نەبێ .

پۆلەکانی ذو الأرحام :-

کوری کچی مردوو- کچی کچی مردوو- کوری کچی کور – کچی کچی کور- بابی داك – داکی بابی داك – کورە خوشك – کچە خوشك – کچە برا لە داك وباب ولە باب و لە داك – مام لە داك – خوشکی باب – خوشکە داك – کچانی مام – خال .

چۆنیەتی میراتگرتنی ذو الأرحام :-

جگە لە خال و خوشکی داك ومام لە داك و خوشکی باب :- ئەوانی تر جێگای میراتگرانیان دەگرنەوە ئەگەر هەبوبان کە میراتگری مردوەکە بون بۆ نمونە:- کوری کچی مردوەکە وەکو کچی مردو دائەنرێ وە کچی برا وەکو برا ی مردوەکە حیساب دەکرێ .

بەلام خال وە خوشکی داك میراتیان وەکو میراتی داکی مردوەکەیە ، وە مام لە داك و خوشکی باب حوکمی بابی مردوەکەیان هەیە .

ذو الأرحامکە نزیکترە لە مردوەکە لە پێشترە لە دورەکە.

ئەگەرهاتوو ذو الأرحام یەك پلە بون ئەوا پاش میراتی ژانم و مێرد ئەوانی تر حوکمی میراتگرانی خاوەن بەشیان هەیە . بۆ نمونە:-

بابی داك	(٢) کچی خوشك لە داك	(٢) کچی خوشك لە داك وباب	(١) کچی خوشك لە باب	مسالە
١/٦	١/٣	١/٢	١/٦	٦
١	٢	٣	١	عول بۆ (٧)

سوپاس و ستایشی زۆرو بێپایەن بۆ خوای تعالی کە توانیم بۆ جاری دوەم بینوسمەوە لەگەل داوای لێبوردن لە هەلە چاپیەکانی جاری یەکەم هیوادارم سودمەندبێ بۆ هەمولایەك . ٢٨/محرم/١٤٣١ کۆچی — ٢٠١٠/١/١٤ زاینی .

شەقلاوە — سەرمەیدان — ئازادی

بسم الله الرحمن الرحیم

الحمد لله الذي هدانا لهذا وما كنا لنهتدي لولا أن هدانا الله وأفضل الصلاة وأزكى التسليم على سيدنا محمد المبعوث رحمة للعالمين وعلى آله وصحبه ومن تبعهم بإحسان إلى يوم الدين .

سوپاس و ستایشی زۆرو بێپایەن بۆ پەروەردگارمان کە توانیم ئەمجارە کە بۆ جاری دووەمە ئەم نامەیە بنوسم بۆ دۆست و برادەرانی خۆشەویستم و بۆ قوتابیانی بەرێزو ئازیز هیوادارم سودی بۆ هەمولایەك هەبێت وە لە کۆتایی دا زۆر خۆشحالم کە لە خزمەت ئەم بەرێزانە دا ئەم زانستە وەرگرم بە پێی توانا فێری بم وە من خۆم بە خزمەتکاری ئەم مامۆستا پایە بەرزانە دەزانم کە هەمو تەمەنیان بۆ خزمەتی شەریعەتی پیرۆزی ئیسلام تەرخان کردوە بە تایبەتی ئەوانەی لە خوارەوە ناویان هاتوە کە زۆر هەولیان داو و ماندوبون و ئەزیەتیان کێشا :

١- مامۆستا مەلا عبد العزیز خضر (قادیانەیی)/ مزگەوتی قادریەی شەهیدان

٢- مامۆستا ملا عومەری کەوری خوا لێی خۆش بێت و جێگای بەهەشت بێ

٣- مامۆستا ملا عبد الله رسول مزگەوتی گەورەی بەستۆرە .

٤- مامۆستا مەلا عبدالعزیز ابراهیم /مزگەوتی گەورەی شەقلوە

٥- مامۆستا مەلا عثمان عبد الله اسماعیل مزگەوتی ال میران لە شەقلاوە .

سوپاس و ریزم بۆ مامۆستای بەرێزو خۆشەویست مامۆستا مەلا عبد الرحمن گردجۆتیاری کە هەردەم هاندەرم بوە بۆ ئەم خوێند نەو گەیشتنم بە ئاوات .

سوپاسی گشت مامۆستایانی کە لەخزمەتیاندا بوم و ئەوەی کە لە توانایاندابو کەم تەرخەمیان نەکردوە خوا سەربەرزیان بکات لە دونیاو قیامەت ان شاو الله تعالی

وصلی الله وسلم علی محمد وعلی اله وصحبه اجمعین

کامەران شاکر قادر
ثێش نوێذو ووتار خوێنی مزطەوتی ئازادی لە شەقلاوە .